# پەیڤ

نزیکەی

30 ساڵ لەمەوبەر یەکەمین شیعرم ( تۆ هەوریت و بارانی خەم ) لە گۆڤاری (بەیان) ی ژمارە 25 ساڵی 1975 بڵاوبۆوە.

لەو ڕۆژەوە ئیتر فرسەخێ من دوای شیعر کەوتوم و فرسەخێ ئەو دوای من کەوتووە ..

یا بەشێوەیەکی تر .. ساڵانێک من ئەوم نووسیوەتەوە ساڵانێکی دی ئەو منی نووسیوەتەوە، هەندێ جاریش ناوبەناو ، لەناو کێشمەکێش و

ململانێ و هەراو هوریای ڕۆژگارو زەمەن و قەدەردا لەیەکتر بزر بووین .

بەڵام لەهەر کوێیەکەوە بێت و بەهەر دەردە سەریەک بووبێت سەرئەنجام یەکتریمان دۆزیوەتەوە و تا هەنووکە ۆێکەوە ڕێدەکەین .

نزیکەی

30 ساڵە بەبێ دەنگی لە خانەی خەمی خۆما لەگەڵ شیعردا ژیاوم لەسەرەتاوە تا ئێستا زۆر کەم هەوڵی بڵاوکردنەوەو بردنە پێشەوەیانم داوە

هەڵبەتە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە ...

دەتوانم بڵێم لەدوای بڵاوبوونەوەی ( تۆ هەوریت و .. چا کڵاو .. هەندێ شیعری دی کە بیرم نەماون لە گۆڤاری بەیان و هاوکاری و تریفەی لاواند الە ناوەڕاستی حەفتاکاندا بڵاوبوونەوە .

ئیتر من کپ و خامۆش و دوورە پەرێز تاناوەڕاستی هەشتاکان کە یەکەمین کۆمەڵە شیعرم بە ناوی (باهۆز) لە گوندی (یاخسەمەر)

چاپخانەی (عبدولخالق مەعروف ) لای یەکێتی نووسەرانی شاخ بە چاپ گەیاند .

لەوێ بەدواوە بەردەوام شتەکانم لەگۆڤاری گزنگ و نووسەری چیاو نووسەری کوردوستانی شاخدا بڵاودەبوونەوە .

پاشان کۆمەڵە شیعری دووەمم بەناوی ( بوومەلێڵ ) لە سەقز بەژمارەیەکی کەم بە چاپ گەیاند لەساڵی 1988 دا ..

وەهەر لەهەمان ساڵدا قەسیدەیەکی درێژ بە ناوی ( غوربەت سەری سپی کردم ) بەهەمان شێوە لە سەقز چاپ کرد .

ئەمانە لەبەر دووریو کەم ژمارەیی و دەست کورتی لە هونەری چاپ کردنیان وەک پێویست نەگەیشتن ...

دواتر لە ساڵی 1997 کۆمەڵە شیعری ( هەناسە حەرامەکان ) م چاپ کرد .

ئێستا ئەوەی لەم ماڵپەڕەدا دەخوێنیتەوە مشتێک لە خەروارێکە و یا هەڵبژاردەیەکە لەو کۆمەڵە شیعرانە و لەگەڵ چەند

شیعرێکی بڵاو نەکراوە کە زۆربەیانم لە غوربەتو دووریدا نووسیوە .

لەکۆتاییدا

30 ساڵ تەمەن

30 ساڵ ئەزموون قسەی زۆرە وە قسەی زۆر هەڵدەگرێ لێرەدا ڕەنگە ئەمەندە بەکار بێت ...

گەر دەفەت بڕەخسێ بەهیوام بەنووسینێکی تایبەت بەشی هەرە زۆری قسەکانم بێژم .

**سوپاس**

**سابیر**

---

## کەسیک ....

## لە باران دەچوو

ژوورێکم هەبوو

لە شووشەی عەتر

بەیانیان

پر دەبوو لە بۆنی نارنج

ئێواران

لە دوکەڵ و

لە بۆنی شەراب

**                **                **                **

ژوورێکم هەبوو

ئەوەندەی نەختێ

هاوین،

بەشنەیەک فێنک دەبوو

زستان...

بە هەناسەی شەکرە ژنێ،

گەرم دەبوو

**                **                **                **

ژوورێک

لەمەڕمەڕی تەنیایی

ڕۆشن بە سەمای کەناری

ڕازاوە بە جوانی گوڵ

بە خەیاڵی ئەرخەوانی

گوڵەکانم نەگواستەوە

رەنگە ئێستا

بەفر ڕوومەتی ڕنیبن

گەرما ڕەگەکانیان بخوا

کوتوپر بوو

هەرزنم بۆ تەیرەکانم دانەنا

رەنگە ئێستا

برسیتی کوێری کردبن

پشیلەی هاوسێ دڵپیسەکەم

شەوان گەمەیان پێبکا

**　　　　**　　　　**

کوتوپڕ بوو

کلیلەکانم بزر کرد

ڕەنگە ئێستا

( غەدر) بەر پەنجەرەکەی تەنیبێ

( زوڵمەت) دەرگاکەی دابخا ،

ژوورەکەی من

**　　　　**　　　　**

ژوورەکەی من:

لە عەترو

لە دوکەڵ و

لە شەراب

چەند سەنگین بوو بەیانیان

پڕ دەبوو لە هەناسەی حەرام

چەند سەلار بوو ئیواران

سەرمی لە باوش دەگرت و

دڵمی دەدایە بەر مانگ

من.... بەوم دەگووت : دایە

ئەو بانگی دەکردم باران

هەیهات...

ئیتر من لە باران ناچم

ئیتر من بۆنی خاک و

ئیتر من بۆنی شیرم لێنایە

ئیتر من نە ژوورم هەیە نە پەنجەرە

ئێستا کەس لە دەرگام نایا

کوتوپڕ بوو...

ئیتر

هەڵفڕینێکی تێژوو

مردنێکی لەسەر خۆ بوو

سەفەری من

ئیتر

ڕەنگە ئێستا

لەوێ بەفر

لەوێ گەرما

لەوێ غەدر

لەوێ زوڵمەت

لەوێ یەکێک

لە دەرگایا

ژوورەکەی من!

!

!

هاوینی 2002 سوید

## چڵێ ڕیحان

شنەیەک

بە ئەسپایی

بە نێو چنارەکانا گوزەر دەکا

من  لەوێم

لەگەڵ عاتیفەی (سەرچنار) دام

شەماڵێک

بە فیزەوە

سەر بەرزاییەکان دەگرێ

من لەوێم
لەژێر مانگە شەوی (قلیاسان) دام

ڕەشەبایەک

من چوزانم چەند نامەردە!

بەیانییەک

هەر هەمووتان توورە دەکات

من هەر لەوێم

بەلەشێکی داهێزراو و ڕوخسارێکی خەمۆکەوە

کەهێمان

خووماری شەوم

لە (بنکەی گەلاوێژەوە)

ڕووەو شەقامی( پیرەمێرد ) هەڵدەکشێم

شەقام :

ئەمبەری

پڕە لە چرپە چرپی شەرمن

ئەوبەری

لە غەڵبە غەڵبی بێباک

ئەمبەری

پڕە لە پێچ و پەنا

بۆ گۆرینەوەی نامە حەسرەتیەکان

ئەوبەری

پڕە لە سەکۆ

بۆ گۆرانی گووتن:

لە شەوانی سەرخۆشیا

لەمبەر...

قرچە قرچی دەمەقاچانی عەجوولی

بە  دەستی منالێکی چەتوونەوە

لەوبەر

تەقەتەقی گۆچانی تەمەڵێ

بەدەستی لەرزۆکی تۆبەیەکەوە

لەمبەر..

ژنێکی سۆزانی

جوانتر لە کەفی حەمام

لەسەر شان و ملێکی بڕۆنزی

بە عەبایەکی وورشە دارەوە تێدەپەڕێ

بۆنی کولێرەی گەرم و

کاڵەکی گەیووی لێدێ

لەوبەر

" ڕەحیمی نوکتەباز"

بەدەم گێڕانەوەی تازەترین نووکتەوە

بەمووکێشێ

هێندە کۆنە

کەس نازانێ لە کوێبووە!

مووە سپیەکانی سمێڵی هەڵدەکێشێ

منیش لەوێم

لەبەردەم

دووکانەکەی" ئیسماعیل" دام

جگەرەیەکی دی پێدەکەم

تاشانم

بە داری زڕی چاوەڕوانییەوە سڕ دەبێ.

* * *

ئیسماعیل:

خۆشییەکە

مەگەر خوا بۆ خۆی بیزانێ!

لەزەتێکە میهرەبان

باریک و بنێس

چۆڕ چۆڕ گەزۆی بەرائەتی لێدەبارێ

بە بەدلەیەکی سپی و

قژە لوولە بۆیاخکراوەکەیەوە

ئەو کەسانەش ماچ دەکا

دڵی ئازار  دەدەن و

دوکانەکەی پڕ دەکەن لە ڕق

* * *

شەرتێکەو ئەخلاقی

لەگەڵ بۆنی تووتن و بارینی بەفرا کردوومە

شەرتێکەو ئەخلاقی

لەگەڵ شەربەتی مێووژو گەرمای هاوینا کردوومە

من هەر لە وێم

هەر لە وێم

هەر لە نهێنی شەقامەکە ڕادەمێنم

دەپەڕمەوە ئەوبەر

بە قومێ لەو ئاوانەی

لەسەریان نووسراوە *بۆ خێر*

تینوویەتی خۆم و مەراقم دەشکێنم

دێمەوە ئەمبەر

لە ناکاو

کەسێک دەڵێ:–

*ئەم کاتەت باش*

دەڵێ ی چڵە ڕێحانەیە

مەراقم بۆی پێدهکە

سەرێک بۆ هەتاو هەڵدەبڕم

تەماشا

بریسکەی جارانی نەماوە

بەڵام..

من لە جاران پیر ترم

من لە جاران

کەمتر چاوم دەفڕێ

لە جاران زیاتر

دەسدەگرم بە دڵمەوە

بەڵام

بەدڵێکی شووشەیی و

بەرووخسارێکی پیرەوە

لەم تەنیاییەدا هەڵناکەم

من هەر لە وێم

کەشنەیەک

بەئەسپایی

بەنێو چنارەکانا گوزەر دەکا

کە شەماڵێک

بە فیزەوە

سەربەرزاییەکان دەگرێ

کە بارەشێ

من چووزانم چەند نامەردە؟

سپێدەیەک

هەر هەمووتان توورە دەکا

من هەر لە وێم

هەر لە وێم

هەر لە نهێنی شەقامەکە ڕادەمێنم

کەشەپۆلانێکە لە زەخرەفە

لەسەر بووردەی قووڵ قووڵ

له ئیسماعیل

له پەراوێزی دانسقه

تادڵ لەوێ

له چاوەڕوانی کەسێکا دەشکێ

دەڵێ ی چڵه ڕیحانەیه

ڕقی له جانتای سەفەره

حەزی له نەختێک سەمایه

من پێم وایه

کەجوانترین

چڵه ڕیحانەی دنیایه

بەهاری 2003 سوید

## چۆلەکەکانی حسین میسری

### میوان

هێشتا

قومێ خەم مابوو

شتەکانم کۆکردەوه

بلوزه شەرابیەکەم لەبەر کرد

مناڵیم له ملمەوه ئاڵاند

فووم لە چرا کردو

شیرو

ووڕکەکەیم

لە بیر چوو..

* * * *

شتەکانم کۆکردەوە

پاڵتۆ ڕەشەکەم لەبەر کرد

گەنجێتیم کردە مەچەکم

جگەرەو

بێدەنگییەکەیم

لەبیر چوو

** ** * *

شەوێک بوو قوورس

حەسرەت لە دڵم دەتکا

هێشتا قومێ خەمم مابوو

پێڵاوەکانم هەڵکێشا

پیریەتیم دا بە کۆڵما

فووم لە چرا کردوو

عەترو

عەشقەکەمم

لەبیر چوو

** ** ** **

## ئیحساس

ئەو:

مانای ئومێد

لەگەرووی تەیرەکانا

ئەو:

مانای ئیمان

لەناو ڕەگی گوڵەکانا

کەبیر لە* ئەو* دەکەمەوە

زەینم تێکەڵ بە ڕەنگی گیا دەبێ

ڕۆحم پڕ دەبێ لە ڕێحانە

** ** **

ئەو:

مانای هەتاو

لەبەر دەرگای ماڵەکەما

ئەو:

مانای ئیحساسی ئاو

بەکەناری ڕێ ی کۆچما

ئەو:

مانای ژنێک

ناوم نابوو* تاقانە*

کەبیر لە *ئەو* دەکەمەوە

زەینم زەرد هەڵدەگەڕێ

ڕۆحم پڕ دەبێ لە گریان

مانای سۆز و

مانای عەشق و

مانای قودسیەتی نیشتمان

**عاتیفە**

---

ئێرە:

پڕە لە بۆنی غرور تەنیایی

لە گمەی کۆترو

گەردیلەی یاقووتی

لەسەرماو

لەژنە بەفرینە

لێرە:

سەوزایی سنەوبەر

عەبەسی لێدەڕژێ

لێرە:

غوربەتێک بە ئەڵماس

سەرنج و تەماشا دەکوژێ

** ** **

ئەوێ:

شێدارەو تەم و مژ

پڕە لە

گەردیلەی غیرەت و متمانە

پڕە لە

تەڕایی عاتیفە

لە گەرمی هەناسەی ئەسپە ژن

لەوێ:

بە تەنیشت بێدەنگی مانگەوە

بەکراسی هەناری و

بەبۆنی قۆخەوە

لەوێ:

لای فولکەی * ئاسکەکان*

کەپڕە

لەجوانی و لە هاوڕێ

بەیانی

سەعات* نۆ * دەتبینم... بەیانی

بەیانی کە لێرە

سەوزایی سنەوبەر

عەبەسی لێدەڕژێ

بەیانی کە لێرە

غوربەتێک بە ئەڵماس

سەرنج و ڕوانینم دەکوژێ

زستانی 2002 یۆتۆبۆری

## لە دووریتان عەتر

## لە نزیکیتان عەزاب

سەرەتا

ئەو ژوورە

بەخەسڵەتەکانی

پاشگەزبوونەوەی ناساندم

چڵێ

ڕێحانەی بۆن کردوو

دەستیکرد بە تەگبیر کردن بۆ پیریم

نەی دەهێشت

بیرەوەریەکانم

لەژێر دار پرتەقاڵی حەوشەکەدا بنوسمەوە

شووشە عەترو

وێنە تەڵخ و تورەکانمی

کۆدەکردەوە بۆ ئەرشیف

**	**	**

سەرەتا

ئەو ژوورە

بەوە خۆی خۆشەویستکرد لام

پێکەنینە هەڵوەریوەکان و

خەمە ڕژاوەکانمی

بەکۆڵ دەگواستەوە بۆ گۆڕستان

لای خوارووی

گۆڕەکەی باوکمەوە هەڵیدەچنین

بەحورمەتەوە دەیووت:

ببوورن..

ئێوە دڵتان پڕە لەگومان

من بۆنی عەترم لێدەڕژێ

**	**	**

سەرەتا

ئەو ژوورە

زۆر لەباران دەدوا

هەموو جۆرەکانی دەناسی

فلمێکی نیشاندام

لەسەر حیکمەتەکانی تەڕایی

بەدوو ساڵ

کتێبێکی بۆ خوێندمەوە

لەبەرگەوە بۆ بەرگ

بۆنی مەرگ و

قووڵایی دەریای لێدەهات

حیکایەتێکی بۆ کردم

دیوێکی سووتابوو بە هەتاو

دیوەکەی دی

پڕبوو لە وێنەی ڕەشو سپی ڕووت

لەهەڵلەرزین و سەرماو سۆڵە

بەیانیەکی سارد

بەسادەیی

لەسەر دەستی جوانیەکانی یاقووت

بەپێی یاساکانی درەوشانەوە

بەشاهیدی خوا

تەنیایی من و

عەشقی( تاقانە) ی

لەیەک مارەکرد

ئەو ژوورە ....

** ** **

لەو بەیانیە ساردەدا

بەفر دەی ووت:

چەند جوانە

ئەو عەشقە

لەبۆنی

خاک دەچێ

ئاو دەیووت:

سڵناکا

لەپیری

بەرۆحما

رۆدەچێ

بادەیووت:

پێکەوە

بڕۆن بۆ

ژێرفوارەی

ڕووناکی

هەور دیووت:

پڕدەبن

لەئومێد

تەڕدەبن

بەپاکی

** ** **

شەوێک من

نزیک لە مەی و ڕۆشنایی

بەتەنیشت خوێندنی تەیرەکانمەوە

لەدەرگاوە ماڵئاواییم

لە( جەمال غەمبار) و

( باپیر) و

( دلاوەر قەراخی) دەکرد

ئەو..

ئەو ژوورە

بێهودە

لەودیو خەونەکانی منەوە

سەری کردبووە سەر باخچە

لەپەنجەرەکەیەوە

چاوەڕێی گەرانەوەی

( ئەرخەوان) و

( یاسینی فەقێ ) و

( ڕێزان) ی دەکرد

لەودیو خەونەکانی ئەوەوە

لەتەنیشت خوێندنی تەیرەکانی منەوە

شەوێک..

زەنگی تەلەفونەکەو:

( چۆنی سابیر !

لەگەڵ جگەرە کێشان و

بوون بەهەڵمی زەمەنا چۆنی!

وەکو جاران

نزیک لە مەی و ڕۆشنایی

ژوورەکەت

سەری کردۆتە سەر باخچەو

بۆنی عەتری لێدەڕژێ

وێنە تەڵخو تووڕەکانت

کۆدەکاتەوە بۆ ئەرشیف

تەگبیر بۆ پیریت دەکا

تامی حیکایەتەکانی چۆنە

ئێستاش ناهێڵێت

لەژێر دار پرتەقاڵە جاسووسەکەدا

بیرەوەریەکانت بنووسیتەوە

فلمت نیشان دەدات و

کتیبت بۆ دەخوێنێتەوە!!)

نا..

عەزیزم نا

پێکەنینەکانم بەردەوام هەڵدەوەرێن

کەس نییە خەمە ڕژاوەکانم کۆبکاتەوە

لای گۆڕەکەی باوکمەوە هەڵیان چنێت

لەبەر خۆیەوە بڵێ:

( ئاوی ئاموون و

توونی بابا چن)

کەس نییە

بەزمانێک

کەپێشتر نەبیسترابێ

بە ناسکییەک

کەپێشتر نەبینرابێ

بە ( کۆڤان ) ی کوڕم بڵێ:

ژوورەکەی باوکت

لەسەفەری تۆوە هەتا ئێستا

بەردەوام

لەدەرگاو پەنجەرەوە

عەزابی (لۆکیمیا) و

بۆنی شەڕو

شەونخونی

لێدەڕژێ

بەهاری سلێمانی 2001

* ڕوونکردنەوەیەک

* جەمال غەمبار ، دلاوەر قەرەداخی ، حمە سەعید باپیر ، یاسین فەقێ سەعید ، ئەرخەوان

ئەو هاوڕێیانە بوون لەو ڕۆژگارەدا بەرەو دوا سەفەریان دەکرد

* ڕێزان… هاوسەرو هاوڕێمە ئەویش یەکێک بوو لە موسافیرەکان

* کۆڤان ی کوڕم … یادی بەخێر ، ساڵی 1993 لەتەمەنی 7 ساڵیدا بەنەخۆشی لۆکیمیا

ماڵئاوایی کرد.

---

* سووپاس :

بۆ ( ئەو ژوورە ) کە ( بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ) پێیان دابووم ، نزیکەی دوو ساڵ

شەوانی مەستی و ڕۆژانی پڕ لەڕاڕایی و چاوەڕوانیم تێدا گوزەراند …

ڕووبەرەکەی 2م بە 3م بوو … بەڵام بە ئێستاشەوە جیهانێکی فرە گەورەی عەشق و

خۆشەویستی منە سابیر

---

## یەکەمین باخچە

## دواهەمین شەوی محەمەدی مامڵێ

**( ووتم :**

**ئەوا**

**مانگ هەڵهات**

**دای لەبنی کێوی**

**ووتی:**

**کەخۆر هەڵهات**

دێم بۆ لات

– نەئەو هاتوو

نە خۆرهەڵهات

**      **      **

ووتم:

با

نەکەونە بەینمان

چەند کەژو چەند کۆ

ووتی:

تازە

مەگەر بای شەماڵ

من بێنێ بۆ تۆ

ووتم:

تۆ..

لەبری خوێن

ئاو بەدەمارەکانتا دەگەڕێ

تۆ

یەکەمین باخچەو

یەکەمین ژووان و

یەکەمین ماچت بیر نایە

کتومت

لەبەرد دەچی

تۆ نەتهێشت

خەیاڵم

بگاتە ناو باخی هەڵوژە

قەدەرم سەوز بێت وەکو گیا

تۆ منت دایە دەست تاریکی

هەر نەتهێشت بۆ یەک  شەو

مانگەشەو

لەدەرگای بەختم با

تۆ نەتهێشت ... )

**       **     **

ئەمە..

دواهەمین

گۆرانی( من )و( ئەو) بوو

ئەو:

یادی بەخێر

زەمانێکە لێرە نییە

چووە

جەرەیەک شەراب و

تۆزێک پێکەنین بکڕێ

ئەو:

کەئەوەندەی با گورجوگۆڵ و

بەقەدەر لۆکە سپی بوو

بەرلەوەی بڕوا

خۆی لە کەفی دەریا هەڵکێشا

تاچاکتر

غەریزەکانی روونببنەوە

ئەو بەر لەوەی بڕوا

خۆی لەکەفی دەریا هەڵکێشا

تا باشتر

ڕۆژانیکی بیر بچنەوە

کەژیان نەبوون

** ** **

شەوێک بوو

هەوا قورس

مانگ لەبورجی دووپشکا بوو

بۆنی هاوینێکی ووشک دەهات

شار ناتێگەیشتوو

لەسەر گازی پشت کەوتبوو

لەدڵی خۆیدا

سەر قاڵی خواردنی مزرە سێو و

ژماردنی ئەستێرە بوو

ئەو..

لەگەڵ تەمێکی سەوزباودا

بەوێدا ڕۆی

بەتەنیشت

هەڵفڕینی باڵندەکانی مەراقدا

بەناو

وورشە ورشی ئەستێرەکانی غوربەتدا

بەژێر

چرپە چرپی دار هەرمێکانی فیراقدا

بەوێدا

بەوێدا ڕۆی

ئەو

**    **    **

لەو شەوانەدا

کەهەوا قورس و

مانگ شپرزەو

شار ناتێگەیشتو

لەو شەوانەدا کە عەشق

بەترسێکی تازەوە

سێبەرەکانی ماچ دەکردو

خۆی لەژێر ڕەگەکاندا حەشار دەدا

لەوشەوانەدا کە پیاو

پیاوانی دەنگ شاخاوی

وایان هەستدەکرد

هەمووشتێک تەواو

تازە مردن

لەسەر بەردە نوێژێکی لووس

لەدەرەوەی ئاوایی

چاوەڕێیان دەکا

ئەمە

دواهەمین گۆرانی من و ئەو بوو

کەلەکوێستانە بێساحێبەکانا

لەو شەوانەدا دەمانگووت..

ئەو دەیگووت:

(تاکەی دانیشم وەک حەپسی دۆستاخ)

من دەمگووت:

(یەکجار خەرامان جەرگی کردووم داخ )

** ** **

من :

بەردەوام

خەریکی یەکەمین باخچەو

سەرقاڵی یەکەمین ژووان و

بێئاگا

چاوێکم لەدەرگایەو

دڵێکم لای پەنجەرە

سەرێکم هەیەو

هەزار سەودا*

ئەو:

سەر رەحەت

بەوێدا ڕۆی

یادی بەخێر

بەرلەوەی بڕوا

خۆی لەکەفی دەریا هەڵکێشا

خەیاڵی

گەیشتە ناو باخی هەڵووژە

قەدەری

سەوز بوو وەکو گیا

ئاخرین شەو

مانگە شەو

لەدەرگای

بەختی دا

## تێکەڵەیەک

## لە پەشمەک و ڕۆحی هەور

ڕێگایەکی تر هەیە

خۆشترین ڕێگای دنیایە

زستانان

نەبەفر دەیگرێ

نەباران کەس دەخوسێنێتەوە

باڕەش..

سەر و پۆتەڵاکی کەس تێکنادات

ئەم بەرو ئەوبەری

هەزاران گوڵی لێدەڕوێت

تا ئەو پەڕی ئەو پەڕ

دار چرۆ دەکا

بەرد

بۆنی بوغوردی لێدێ

** ** **

ڕێگایەکی تر هەیە

سادەترین ڕێگای دنیایە

نەغوباری هەس نە تەپوتۆز

کەس عارەقە ناکاتەوە

خۆر میزاجی  کەس ناسوتێنێ

هاوینان

تائەو سەری ئەوسەر

دار سێبەر دەکا

بەرد تەرزاوی لێدەتکێ

** ** **

ڕێگا زۆرەو

ڕێگایەکی تر هەیە

فراوانترین ڕێگای دنیایە

پڕە لە جوانی بچوک بچوک

لە ئەبەدیەتی گەورە گەورە

لەوێ

پێویست بە وێناکردنی شتەکان ناکا

وە شتێکی ئەوتۆش ڕوونادا

مەودایەکە

لە ملوێنەها نهێنی دروستبووە

کە هێمان

ناوێکیان

لێنەنراوە

** ** **

ڕێگایەکی تر هەیە

پێدەچێ

جوانترین ڕێگای دنیا بێت

پڕە لە مەل و

لە مەلائیکەی ڕەنگاو رەنگ

لەمناڵی ژیکەڵەی هەوری

کەلەنزمترین چڵەوە

دەفڕن بۆ بەرزترین چڵ

هەر بۆ خۆشی

لەسەر شانی ئەو پیاوانە دەنیشنەوە

کە عەورەتیان

بەگەڵایەک داپۆشیوە

بۆ هەڵمژینی ئیحساس

خۆیان لە سنگو بەرۆکی

ئەو ژنانە هەڵدەسون

کە لەشیان

بە سێوێک داپۆشیوەو

هەرزان

هەرزان

بستەو

شەراب و

جگەرە دەفرۆشن

**            **            **

ئیدی

تا چاو بڕکا

ڕێگا

ڕێگا زۆرەو

ڕێگا هەیەو

من هەر لێرەم!!

**         **         **

لێرە

لەم بەستەڵەکی سەرووە

کلیل و

ڕێگاکانم لێوونبووە

لەم بەستەڵەکی سەرووە

پێوویستم

بەدرۆ لەگەڵ خۆ کردنە

پێویستم

بەخۆ خەڵەتاندنە

لێرە..

عەزیەتێکی زۆری دەوێ

تا تێدەگەم

سەعات چەندە!

چەند شەممەیەو چەندی مانگە

لێرە

تاچاو بڕکا

دەریا هەیە

ئاسمان هەیە

غەریب هەیە

تاچاو بڕکا

هەور هەیە

جەنگەڵ هەیە

بەفر هەیە

عەزیەتێکی زۆری دەوێ

تادەگەمەوە سەر ڕێ

ڕێگایەک

نیوەی لە مەڕ مەڕو

نیوەکەی دی  لە کریستاڵ

ڕێگایەک

ئەمبەری

چراخان بە قەسیدەی تازە

ئەو بەری

گەرمو گوڕ

به حیکایەتە کۆنەکانی عەشق

ڕێگایەک

دەم گەیەنێتەوە ئەویٚ

ئەویٚ:

یەعنی وەتەن

کە ئەمێستا

سیخناخە لە بەهارو

شەپۆلانێکە لە قەرەباڵخی

کە ئەمێستا

تیکەڵەیەکە لە فەوزا

ئەڵڵا

چەند خۆشە ئەویٚ

چەند شیرینە لام

..

...

....

سوید 2003

بۆ..

" ڕەووف بێگەرد "

بەردەوام .. تەڕ بەگۆرانی و

پڕ لە سەماو تازە بوونەوە

## ژیان..

## کەپرە لە خواحافیزی

ئیتر

بەسادەیی خۆمەوە

دوورو نزیک

بەر لەوەی پایز بێتەوە

نیوەشەوێک

دنیا مژە

لای ڕاستی..

ڕیزە چنارێکی بە ساڵاچووەوە دێمەوە

کە تەمەنیان

بۆ منێکی پەرشو بڵاو

منێکی ماڵ لە خەرابات

منێکی دڵ لە دەروێشان

منێکی خەیاڵ پڵاو

وا سانا..

مەزەندە ناکرێ

هەریەکەیان

نهێنی خۆی هەیە بۆ ناسینەوە

سەربووردەی خۆی هەیە  بۆ گێڕانەوە

هەر یەکەیان..

هیلاکبوون و

سکاڵاو

خەمی تایبەتی خۆی هەیە

هەر یەکەیان..

پەیوەندییەکی کۆنی هەیە لەگەڵ زەوی و

ڕووانینێکی قوڵی هەیە بۆ ئاسمان

هەریەکەیان.

** ** **

ئیتر..

بەرلەوەی پایز بە پرتاو بێتەوە

نیوە شەوێک

دنیا مژە

لای چەپی ئەو جۆگەلانەوە دێمەوە

کەس سەرچاوەیان نازانێ و

هەریەکەیان..

ناوێکیان هەیە بۆ خۆیان

هەر یەکەیان

تەفسیری خۆیان هەیە  بۆ مەرگ و

قانوونی خۆیان هەیە بۆ ژیان

تا ئەو پەڕی دنیا دەڕۆن

دەڕۆن و

گۆرانی دەڵێن و ئاوڕ نادەنەوە

دەڕۆن و

دڵیان خۆشەو

هەرگیز ناگەڕێنەوە

بەڵام..

منی شەڵاڵ

لە عارەقەی ژووان و

منی تەڕ

لە بەیەکگەیشتنی فریشتانە

منی پڕ

بەلەیەکدابڕانی پایزی

منی تەژی

لەخورپەی بەهاری

لە کسپەی خوداحافیزی

منی سادە

سادەتر

لە داڵغە لێدانی پەپوولە

لە بیر کردنەوەی خاڵخاڵۆکە

لەهەر کوێیەکەوە بێت دێمەوە

لە هەر

کوێیەکەوە بێت..

لەوێوە

(( کە خەرامان

بەبەر چایخانەکەی ڕەحیما تێدەپەڕی و

چاکان تامی ڕێواسیان دەدا

چایخانەکە

پڕ دەبوو لە بۆنی لیمۆ ))

هەر هیچ نەبێ

لەوێوە..

لەوێوە دێمەوە سەرۆک

کە ڕۆژێ لە ڕۆژان

لەوێدا

سەد کەڕەت دڵتان شکاندووم

ڕۆژێ لە ڕۆژان لە وێدا

بۆ یاری

ڕێگاکانتان لێوندەکردم

بۆ خۆشی

کلیلەکانتان لێدەشاردمەوە

چەند سەیر بوو

لەوێوە

بەیانیان دەچووین بۆ بەرەکانی شەڕ

چەند خۆشبوو

ئێواران

هەر لەوێوە

دەگەڕاینەوە سەر مێزی دانووسان و

بە پێکێک ئاش دەبووینەوە

چەند خۆشبوو

هەر هیچ نەبێ

لە وێوە..

دێمەوە..

** ** **

ئیتر من

منێکی بێنوور

منێکی دڵ لە چەند هەوار

ماڵ لە شەوی دەیجوور

ئیتر من

منێک

کە لە کۆترێکی کەڕو لاڵ دەچووم

لە گەڵ هەستکردن بەڕاڕایی و

بە گوناح و

لە گەڵ غوبارێکی ووشکدا

له پەنجەرەکانی پایزەوە هەڵهاتم

بەڵام ئێستا

ئەمێستا من

کەڕەنگی سەفەرو

کەتامی سەراب و

کەبۆنی گیای بڕاوم گرتووە

بەر لەوەی پایز بێتەوە

له دەرەی بەهارەوە دێمەوە

دواجار

قسەیەک هەیە

لەسەفەرا فێری بووم

کەلەقسەی " مەولانا " ناچێ

بە خەیاڵی هیچەوە

گمەیەک هەیە

لەسەرابا فێری بووم

تەنانەت..

له گمەی شیعری " نالی " ناچێ

بە چۆڕێ میهرەبانی و

بە تۆسقاڵێک غوربەتەوە

دواجار

بەوێدا

بەلای ڕیزە چنارێکی بە ساڵاچودا

کە ڕۆژێ لە ڕۆژان

لەوێدا

ئێوە بەڕاستی غەدرتان لێدەکردم

من بە درۆوە

لە دڵی خۆمدا دەتۆرام

بە ئاشکرا

سەد کەڕەت دڵتان دەشکاندم

من بە دزییەوە

لە دڵی خۆمدا دەگریام

دوا جار بەوێدا

بەو ڕێیانەدا دێمەوە

کەس ڕچەڵەکیان ناناسێ

دەمگەیەننەوە باخ و

دەمدەنەوە بەر هەتاو

بەو تووڵە ڕێیەدا دێمەوە سەرۆک

بیرتە

کەهەر خۆم و

کۆڵە پشتێک مەراق و

چەند چرکەیەکی هەڵبژاردەو

میتۆدێکی ئاغرانەی پێوەدەچووین

بەوێدا

بەو لا ڕێیەدا

کەهەر خۆم و

جەڕەیەک شەراب و

چەند دانە هەنار و

حۆرییەکانمی پێوەدەچووین

بەوێدا

بەو نشێوە ڕێیەدا دێمەوە

کەهەر خۆم و

لایتێکی قەڵەمی و

گۆرانیەک بە کزی و

بەختێکی ڕەشتاڵەی پێوە دەچووین

لەوێدا..

لەسەر ڕیتمی فیکەکێشانێکی بێهودە

دواجار

سەمایەک هەیە دەیکەم

کە ئاخرین سەمای عومرە

بە دنیایەک غەریبییەوە

دوا جار سەرۆک

قسەیەک هەیە دەیڵێم

کە ئاخرین

قسەی عەشقە

بە دنیایەک

مەحزونییەوە

بەهاری یۆتۆبۆری 2005

## ئەو دیو سنوورەکانی چاوبڕکێ

تۆ زەمەنێ بە سواری وولاخی خۆشڕۆ

من فرسەخێ پیادەڕۆ

تۆ فرسەخێ پیادەڕۆ

من زەمەنێ بە سواری وولاخی خۆشڕۆ

( ئەمە..

ئەو دەنگە بوو ، کەلە غەیبەوە

لە پێشەلانەکەوە دەهات..

دەنگدانەوەی عەزابی روحێکی ماندوو بوو

وەک دەنگی دارکونکەرە

بەقەدی دەربەڕوورکانی کەنار ڕێگەی سەفەرەوە

سەفەر.... سەفەر.... )

تا ڕەونەقی موعجیزەکانی سەفەر چرۆ دەکەن

تا نیشانەکانی میهر

خنجیلانه

لەسەر گەڵای دارقۆخەکان دەردەکەون

تا مانگ

نیوە شەوێ

لەبەر رۆشنایی پەنجەرەیەکی بازنەییدا

سەلار ...سەلار....

لە هاتنی وەرزی پشکوتنی هەنار دەدوێ

با هەمیشە

کۆترو ئایەت لە پێشەوە بە ڕێکەون

ئەو بە نیاز بوو من ووتم:

بەڕێکەوین

بۆ ڕێکردن

- . تەرازووی ڕاڕایی پێویستە
- . تەرمۆمیترێک بۆ گەرمایی
- . کۆرسێ " ئارێن : بۆ چارەنووس
- . شمشاڵێک و نەقالەیەک بۆ حەقیقەت
-
- ** ** **

بەر لە باڵق بوونی کوڕەکانی مەعبەدی یەقین

بە رلە یەکەمین بێ نوێژ بوونی کچۆڵە سرکەکانی سەرکانی تەجەلا

بەر لە ئاخرین درکاندنی شیعر

بەرلەوەی تەفسیرەکانی حیکمەتی عەشقی " خەرامان "

لە بێدەنگی منا بخوێننەوە

بەر لەوەی  بەشەکانی من

لە فەهرەسی کتێبەکانی تەحەمولی تۆدا بناسنەوە

باهەمیشە

کۆتر و ئایەت

لەپێشەوە بەڕێکەون

**          **          **

بە ڕێکەوین

من بەکراسە هەنگوینیەکەمەوە

تۆ بە نارنجەکانتەوە

بەڕێکەوین

تا نزیک کانەکانی فسفۆر

تا ئەودیو زەخرەفەکانی چاو بڕکێ

لەوێ

من بە وورد ئاگاییەوە

دەست بەسەر گەڵە ناڕازییەکاندا دێنم

تۆ بە چاو نوقانەوە

لەبەر پەنجەرە شکاوەکانی عەشقا سەما بکە

بە ئەسپاییەو پەپولانە بدوێنە

تازە بە تازە

لە باخچەی پولیسە ئەکادیمیەکانەوە گەڕاونەتەوە

باڵێکیان

بۆنی کەئانەی لێدێ

باڵەکەی دییان

بۆ چرووکەی پەشیمانی

پەشیمانی

لە فڕینی بازنەیی

بە دەوری هەرەمەکانا

پەشیمانی

لە فڕکردنی پێکێک

کە بە نەشئەیەکی ناساندن

پانتایی تیا نەبوو بۆ جوانی

سروشتی نەبوو بۆ فڕین

بۆ وەستانی سنەوبەرێ

نوور لە پەلکەکانی دەڕژێ

** ** **

( دەنگێ

وەک تەمێکی سپی

ناو بەناو

نزیک چوار ڕاکان دەبینرا

بە ئیقاعێکی نورانی دەیوویست

خورافیات

بە ڕوانینی مسافیرە مەستەکان بناسێ

زەوقێک بوو ناکامڵ ، دەنا...

دەنا هێشتا

هەوا بۆنی ڕاپەڕینی لێدێ

هێشتا

ڕەزێ هەیە شەرابی عەشق ببەخشێ و

مێژێک ماوە ناوی بنێین نیشتمان

بە لیمۆیەکی ئاو دارەوە

ئەو شەرابی عەشقەی لەسەر نۆشکەین

وەلە پشت گۆرانیەکانی تەماحەوە

بەناوی وەسیەتنامەوە

چەند ووتارێکی نامەئلوف بنووسین

بۆ ئەو پیاوە نامەفهومانەی

ئەو شەوەی مانگ سەلار سەلار

لە هاتنی وەرزی پشکوتنی هانار دەدوا

هاواریان کرد:

" سەعات سفرو یەک دەقەیە

دەفتەری ئیمزا هەڵگرن

لە پرسگەکانی عەشقا "

وە هەروەها

هێشتا هەوا بۆنی ڕاپەڕینی لێدێ

تا نان و خوێ و چراکانمان بیر نەچووە

با لە پشت گۆرانیەکانی تەماحەوە

بەناوی ئاوارەبوون و داڵدە نامەوە

چەند شیعارێکی نایلۆنی بنووسین

بۆ ئەو پیاوە غەشیمانەی

دەرگای ماڵەکانی خۆیان بۆ داناخرێ و

کلیلی سەلامەتی

باخچەی ساوایانیان لاملدایە

بنووسین..

بۆ ڕێکردن

- . تەرازووی ڕاڕایی پێویستە
- . تەرمۆمیترێک بۆ گەرمایی
- . کۆرسێ " ئارێن : بۆ چارەنووس
- . شمشاڵێک و نەقالەیەک بۆ حەقیقەت
- ** ** **

تۆ زەمەنێ بە سواری وولاخی خۆشڕۆ

من فرسەخێ پیادەڕۆ

تۆ فرسەخێ پیادەڕۆ

من زەمەنێ بە سواری وولاخی خۆشڕۆ

من لەم چۆڵەوانیە دەترسێم

تۆ لە ڕەحمەتی باران

من لە حەقیقەتی جەنگەڵ دەترسێم

تۆ لە تاریکییەکی بێ گوناح

به ڕێکەوین

من بەکراسە هەنگوینیەکەمەوە

تۆ بە نارنجەکانتەوە

با لێرەوە بەڕێکەوت

تا ئەو دیو سنوورەکانی چاوبڕکێ

تا نزیک کانەکانی فسفۆر

هەر لەڕێوە من لەوێ

لە چاوی کچە قەیرەکان

وەرەقەیەک ڕادەکێشم

هەر لەڕێوە تۆ لەوێ

بچۆ لای خەتاتێکی حەسرەتدار

لافیتەیەک بنووسە

بۆ ساڵڕۆژی

مەرگی کوڕە تەسبیح بەدەستەکانی بەر "سەرا"

بنووسە :

بەچاوە کاڵەکانمەوە

حەزم لە تەماشای هەمووتان بوو

بە لێوە گوێزیاکانمەوە

حەزم لەماچی هەمووتان بوو

بە سترێجە شەرابیەکەمەوە

حەزم لە پیاسەی ئێوارانی هەمووتان بوو

به مەمکە چرپنەکانمەوە

حەزم لە باخەڵی هەمووتان بوو

ئەمسنووس

پاش سەر زەنشتی

دیکۆرە تەلاییەکانی خەیاڵی من

پێش شکاندنی

ئینجانەکانی جەستەی ئێوە

سروشتێ نەبوو ، سروشت

پێمان بڵێ :

ڕێگایەکی تر هەیە

ئەوە نسیبی ئێوەیە

ڕێگایەکی تر هەیە

( ئەمە ئەو دەنگەیە

لە ئەزەلەوە تا ئێستە بەردەوام

لە پێشەلانەکەوە دێ ودێ و دێ

دەنگدانەوەی بێهودەی عەزابی ڕۆحێکە

بە دەست

پرسیارە لا جەدواکانی ئەم وجودو سەفەرەوە )

ئەمنسووس :

پاش شکاندنی

ئینجانەکانی جەستەی ئێوە

بەر لەسەر زەنشتی

دیکۆرە تەلاییەکانی خەیاڵی من

سروشتێ نیە سروشت

پێمان بڵێ :

ڕێگایەکی تر هەیە

ئەوە نسیبی ئێوەیە

ڕێگایەکی تر هەیە

ئەوە نسیبی ئێوەیە

زستانی سلێمانی 1996

## باخچە

لە چی بدوێم!

بۆ کوێ بڕۆم تازە کە من

لە وولاتێکدا بزر بووم

هەتاوێکی قەموور یاساکانی دەبرژێنێ

پیاوەکانی زۆر بلێن

بۆنی عارەقی "فەل" و

تووتن لە هەناسەیان هەڵدەستێ

ژنەکانی خۆلەمێشی هەمەڕەنگن

ڕیا لە بنباخەڵیان دەچۆڕێ

باخچە گشتیەکانی مەکر بازن

لە فڕینی باڵندەکانا

وورشە وورشی گومانێکی خەتەر دەبیسترێ

گومان..

لە گەڵ بایەکی حەشەریدا

ترافیک لایتەکان و

سەعاتی دەستی کتێبخانەکان دەوەستێنن

بایەکی گەلحۆ لەگەڵ هەورێکی نەزۆکدا

لە پاڵ دیواری کڵێسەو مزگەوتەکانا

بە پەلە پەل هینی یەکتر دەلێسنەوە

خواکەی ئەشکەنجەی ڕۆحی من

بینیت ڕۆژم بە چ ڕۆژێ گەیی

کە ڕووداوەکان

سەرو قەدەرو دەسەڵاتی تۆ کەوتن

بینیت ڕۆژت بە چ ڕۆژێ گەیی

کە ئایدیا دەم ڕووتەکان

لە گەڵ شەپۆلە زۆڵەکاندا

بۆ خنکاندنمان ڕێکەوتن

* * *

ئێرە

زەمەنی شەوباشی نا مەفهوم و

هەیبەتی بێدەنگی پیاوی عەگیدە

کە خەم بێدەسەڵاتانە دوا

ئێرە

وورشەی گومان

کاریکاتێر

ئیعتراف و

خشەخشی ڕووخساری ووشک

دەنگ و نیگا

مانایەک بۆ سبەینێ

قوڕو چڵپاو

بای بێڕەزا

دروشمی مۆن

سێکسی پەلە

هەوری کەئیب

بەهەر دوو دەست پێکەکانیان دەخۆنەوە

هیچ لە مەیی ماچ نازانن

هیچ لە ژووان

هیچ لە ژانی خواحافیزی

هیچ لە سەڵای لێکدابڕان

بەفر وەک بەفر دەبینن

چیا وەک چیا

پەلکە زێڕینە نابینن

خوێن بەری چاوی گرتوون و

هیچ لەمانای خوێن تێناگەن

کە خوێن لێرە

لە دەرگای حەوشە دەدا

لەبەر پەنجەرەدا هەلدەتووتێ

بە لاولاوەکاندا هەڵدەزنێ

لە باڵکۆنەوە هەڕەشە دەکا خوێن

تێکەڵ ژووری نووستن بووە

لە دەست خوێن و لە پێناوی سەفەرێکا

خەرامانم لە خۆم ڕەنجان

کاریکاتێری ڕادیۆکان و

گۆرانی داواکراوی ڕۆژنامەکان نەیانهێشت

نەیانهێشت و

وولاتەکەمیان وەک حەبێکی ئارتین قووت دا

نەیانهێشت و

هەرێمەکەمیان وەک شووشەیەک تۆسیرام  هەڵلووشی

ئەم ڕادیۆنە مودمینانە

ئەو ڕۆژنامە شەڕانیانە

ئەم ڕۆژنامە مودمینانە

ئەو ڕادیۆنە شەڕانیانە

*　　　*　　　*

با لە سەرەوە دەستپێبکەین

لە وێوە

کە خەرامان

بەبەر چاخانەکەی ڕەحیما  تێدەپەڕی

چاکان تامی ڕێواسیان دەدا

چایخانەکە پڕ دەبوو لە بۆنی لیمۆ

مانایەک هەبوو بۆ سبەی

*

ئەمە..

مەسئولیەتی شیعرە

نەک تیجارەت

با لەسەرەوە دەست پێبکەین

لە وێوە

کە دایکم

سەنتووری عەشقی بارستە گڵێکی دەژەند

من و

کچە ئەسمەرەکەی دراوسێمان

بە دەم سەمای شکۆفەوە

خەونە ڕەش و سپیەکانمان هاوێر دەکرد

دەممان دەنایە بن گوێ ی یەک

بی غەلوغەش بۆ یەک دەدواین

بێ حەد

دنیا لە چرپەی ئێمە پڕ بوو بوو

ئێواران

مانگ حەوشەکەی گسک دەداین

بەیانیان

خۆر هەڵیدەسانین

مانایەک هەبوو بۆ سبەی

*          *          *

لە دەست خوێن و

لە پێناوی سەفەرێکا

بۆ کوێ بڕۆم تازە کەمن

لە عەشقێکدا غەرق بووم

لە ماتماتیک قورسترە

لە وڵاتێکا بزر بووم

هەتاوێکی قەمور

یاساکانی دەبرژێنێ

نێرەکانی زۆر بڵێن

مێیەکانی خۆڵەمێشی هەمە ڕەنگن

لە فڕینی باڵندەکانا ئاخ خواکەی ئەشکەنجەی ڕۆحی من

به رله پاشتێلانەی خەرامان و

پاككردنەوەی مەی خانەكان

بەر لە مەسخەرەترین

تراژیدیای دابەشكردنی "ناوكۆی" خوێن

بە كۆمە كۆم

بە مەحزونی

عەرەبانەكەت ڕاكێشە تازە كە من

لە عەشقێكدا بزر بووم

لە ماتماتیک قورسترە

لە وولاتێكدا بزر بووم

مانایەک نییە بۆ سبەی

نییە

مانایەک

بۆ سبەی

سلێمانی 1995

## بەرچینەكانی خەرامان

گەردیلە

ئاڵتونیەكانی ئەم

هەموو پێكەنینە هەڵوەریوە

بەشی خۆتە

بیچنەوە

** ** **

لە ئێوارەیەکی تەماویدا

کە بورجەکانی مەنتیق دەترازێن

لە دەرگا بە

** ** **

تەرمۆمیتر

چاوی لە گۆڕینی هەوا پۆشی

بە جورئەتەوە سەما کە

هەوا گۆڕا

** ** **

هەوا گۆڕاو تازە سەفەر بۆ من و تۆ

هەڵاتنە

بەبەر چاوی گوڵە مەلولەکانی شەفەقەوە

هەڵاتنە تازە سەفەر

هەڵاتن

کوشتنی تریفەکانی مەعاناتە

بەبەر چاوی ئینسافی قەسیدەوە

ئەتککردنی پەریە غەمگینەکانی خەیاڵە

لەژێر سێبەری دارزەیتوونی تەریقەتدا

**            **            **

ئێوارەیەکی زەیتوونی بوو

بەژێر چرپەی ئەو سنەوبەرانەدا تێپەڕین

نەیاندەزانی بەهای خۆیان لەدەست داوە

لەبەر ماڵی خەلیفەدا

دوونامیلکەی حەراممان کڕی

یەکەمیان – ( چۆن فێری زمان شیرینی دەبیت !؟)

دووەمیان –( چۆن چێژ لە عەشق و فڕین وەردەگریت؟ )

لە بەر ماڵی خەلیفەدا

کەمێک

لە نغرۆبوونی بنەماکانی تەریقەت دواین

لەولاتر

لەیاسایەک دەگەڕاین

حورمەتی تیا بێت بۆ سەفەرە

بینیمان

بەدەست دەروێشەکانەوە

گەنجێتی خۆمان بینی

پێیان دەووت:

( دەست بۆ ئەو بەهێیانە نەبەن

کە تەفسیرەکانی  تفتێتی ئێمەیان تیایە

سلاو لە ئاوی ئەو ئەستێڵە مەکەن

له مەحشەری ئێمە بە گومانە

بۆتان نییە

شیرینی ماچ بکەن بەباخچەکانەوە

کۆڵانەکان

بەغەزەل ئاوڕشینکەن

ڕێگە نییە

بچنە لای ئەو گوڵە مێخەکە غەمگینە

کە بۆنی سپێدەیەکی لێدێ

پڕە لە ووتافو قریشکە

لە حیکمەتی ئیقاعی تەپڵی سەرکەوتن

تا بریسکەی

سەرکەوتنی شمشێرەکانی ئیمە مابێ

ڕووخسەت نییە

ئێوە قۆپچەی پاڵتۆکانتان بکەنەوەو

بۆنی هەڵهاتنی خۆر کەن )

** ** **

لەهەڵفڕینی بریسکەی شمشێرەکانا

تۆ گەرمایی حیکایەتەکان و

تەمەنی موقەڵیەکەی (نەنە حەمدی) یت بیرکەوتەوە

کە بەئەگریجە سپیەکانی خۆی دەووت خەرامان

دەستی پیکەنینە هەڵوەریوەکانیان بگرە

تا لەوملەیە ڕەتدەبن

بە عشوەوە فانۆسەکانیان بۆ هەڵبڕە

تا لە سۆراخی ئومێدە یاقوتیەکانا

فێری ماندوێتی و شەوفڕین دەبن

لە هەڵفڕینی بریسکەی شمشێرەکانا

من ڕۆشنایی

ڕۆحیانەتی( جەمالی ئەحە خورشە )م بینی

* باڵایەکی مام ناوەندی

* دوو چاوی کاڵ

* سمێڵێکی خورمایی پڕ

باخەوانانە

لەسنگی کچەزاکانی حاجی ڕادەما

بە بولبولەکانی ( سمە ) ی دەووت ئێوە

پێوویست ناکا

بزانن چەند شەمەیە

بەمەی فرۆشێکی دەووت غرور

پێوویسیت نییە

تۆ بزانی چەندی مانگە

کاملانە

سەیری سەعاتەکەی دەستی و

دیواری چوخمەکەی دەکرد

بەمۆری گۆشەی چەپی

بەیاننامەکان پێدەکەنی و

بە ئیمزای

ژێر ڕێکەوتننامەکانی دەووت عەزاب

عەزاب

** ** **

نەنە

لە هەڵفڕینی بریسکەی شمشێرەکانا

من مردنم هاتە پێشچاو

تۆ مناڵیت بیر کەوتەوە

مناڵیمان

دوعایەک بوو لە تەڵا

بەڕێنووسی فریشتەکان نووسرا بوو

لە وەنەوزی پاشنیوەڕۆی

مامۆستاکانی "ئایین" و

چەنەبازی

ئوستازەکانی ( تەربییەی وەتەنی ) دا بزر بوو

** ** **

بیچنەوە

بەشی خۆتە

ئەم هەموو پێکەنینە هەڵوەریوە

بۆنی ماڵەکەم بناسە

لەدەرگا بە

تەمومژە

گەمارۆم مەدە بە پرسیار

بورجەکانی مەنتیق ترازان

بە جورئەتەوە سەماکە

هەوا گۆڕا ....

هەوا گۆڕاو

بە دەم ئەم هەموو هەوا گۆڕانەوە

لە تەنیشت

ئەم هەموو قولاپی ڕاراییەوە

کەسێک نییە

تێبپەڕێت

گازیکەم: وەرە شوانە

زەینی مەڕەکانت چیلێکرد

کوا سەلامەتی دەنگی شمشاڵ

لە موتوربە بوونی هەستەکانا

کە مانای ژیان بوو

لە ژێر سەرینی

کچە قەیرەکانی ئاواییدا

کوا فڕینی هێمنانەی باڵندەکانی ئاوایی

کوا ..!

لیستی حساباتی

کاکڵە گوێزەکانی ئیمان

کە لە بێدەنگی ئێمەدا

چەندین غەشتان تیا کردووە

ئێمە کە پڕ پڕ بووین

لە جریوە جریوی نائومێدی

ناو قەفەسەکانی دانایی

لە ڕەنگی باو و

بۆنی سرکەو

تامی کۆتایی شتەکان

لە پشت بریسکەی شمشێرەکانەوە ئێمە

مەحاڵە قۆپچەی پاڵتۆکانمان بکرێتەوەو

بۆنی هەڵهاتنی خۆر کەین

بیر کردنەوە لە ڕەنگی گیا

فڕین لەدووی ئومێدە یاقوتیەکان

کوتانی ئاوە لە دنگا

عەبەسە

خەوبینین

بەپیاسەی ئەو پیتە بۆنخۆشانەوە

شتێکیان هەیە بۆ عەشق و

مانایەک دەدەن بە ئینسان

عەبەسە

عەبەس

خەوبینین

بەپیاسەی ئەو پیتە بۆنخۆشانەوە

مانایەک دەدەن بە عەشق و

شتێکیان هەیە بۆ ئینسان

سلیمانی 1997

## هەناسە حەرامەکانی شاتوو

هەموو شتێ

کپبوو

ئاو

لەژێر گوڵەکانەوە نارِوا

هەورە کەئیبەکان

دەستیان لە خوێندنەوەی قورئان هەڵگرت

دەکرێ..

قسەیەک هەیە بیکەم

** ** **

هەموو شتێ کپبوو

ئاو لەژیر گوڵەکانەوە نارِوا

ماسییەکانی حەوزی شووشە

بەچاو

سڵاویان لەیەک دەکرد

کوکوختیەک

ئەویش بە چاو

یاداشتەکانی

سنەوبەرێکی پیری ئەزبەر دەکرد

کچێک

لەتەمەنی بلوغیا

دەتگووت چڵەرێحانەیە

جامانەکەی باوکی کردبوو بە سترێچ و

بە عەینەکەکەی دایکییەوە

دەستی لە پاککردنەوەی پەنجەرەکان هەڵگرت

لای پەنجەرەیەکەوە جێ هەیە

بەم رووخسارە بریندارەوە

دەکرێ

قسەیەک هەیە بیکەم

** ** **

وایە

هەموو شتێ کپبوو

لەپشت

بریقە شکاوەکانی خۆشەویستییەوە

لەتەنیشت

هەڵفڕینی ئومێدەوە

لەژێر

کەشخەیی بارانی گومانا

بۆنی پایزێکی نوێ دێ

( قالە ) * ئاقڵانە ژیا

پایزی پار

مردن شێتانە فڕاندی

لای پەپوولەیەکەوە جێی هەیە

دەشێ

قسەیەک هەیە کردبێتی

**　　　　**　　　　**

هەورە کەئیبەکان

ماسییەکانی حەوزی شووشە

کچێک بە عەینەکەکەی دایکیەوە

وایە

( ئەم قەسیدەیە پێشکەشە بە کچەکەم

ناوی " چرپە " یە .. تەمەنی سێ ساڵە

چەپلەرە و چاوی لە چاوی من دەچێ

گەورە دەبێ

باخەڵی پڕ دەبێ لە مەمک

بەیانیان .. خۆی دەشواو ، دەچێتە

بەردەمی ئاوێنە بێوەیەکە

دایکی

کەماکی گرانەتای ماندوێتی

لەسەر پێڵویەکانی دیارە.. دەبۆڵێنێ

ئێواران

کەدەگەڕێتەوە.. جانتاکەی

پڕە لە شیرینی زەردەخەنە

لە تەڕایی شادی ژووان

ڕوودەکاتە دایکی و ).. دەڵێ:

وایە

بەحاڵ بەبیرم دێ

تامی مەزەکانی

لە ژێر بێخی دانما ماوە

ڕۆحە مەراقاویەکەی لەبەر چاومە

کە بە ئیقاعێکی پڕ لە گیانەڵاوە دەیووت:

بەر لە هاتنی وادەی پەڵە

هەورە خائنەکان چیان نەکرد

بەر لە تەواو بوونی

پیاسەی ئێوارە پڕ لە کارەساتەکان

باخەوانە پشتوێن پانەکانی باخی هەنار چییان نەکرد

هێشتا نۆرەی

ووتاری گوڵە مەی گێڕەکان نەهاتبوو

ئەو دەهۆڵ ژەنانە

گشت بیردۆزەکانی زۆج کردنیان خەتم کردبوو

چیان نەکرد

چیان نەکرد

بۆ تورە کردنی با

لە گڵۆپی سەر دەرگاکان

بۆ حەرام کردنی تریقانەوە

بۆ جێگۆڕکێ

بەقەدەری

پاسەوانەکانی کارگەی شەکرو

ژنە نیگا شەهوەتیەکان

چیان نەکرد

بەو دار گوێزانەی

لە خواوە نزیک بوون و

سێبەریان بۆ عاشقە خود کوژەکان دەکرد

چیان نەکرد

بەو کچە شاعیرە

کەهەر ئێستا

لە ژێر سێبەرە خرفبووەکانەوە ڕێدەکا

گەرمایی لەشی دەبینرێ

جیاوازی تەمەن بەلایەوە گرنگ نییە

داوێنی ئاو بادەداو

دەیەوێ

قسەیەک هەیە بیکا

** ** **

چیان نەکرد

تا گیا بەئارامی نەپژمێ

مانگ بە ئاسانی

هەناسەکانی شاتوویەک نەژمێرێ

کەهێشتا

مانای میهر دەزانێ

باسی لەحەقیقەتی بێرتووشە

لەچۆنیەتی

پاککردنەوەی ڕۆحە پیس بووەکان دەدوێ

دەیەوێ

ژمارەی پیتەکەنی مرونەت و

لۆمەی باران شیتەڵ بکا

لە سیحەتی ئاو و

لە هیجرەتی باڵندە گوم ناوەکان دڵنیابێ

پڕە لە سادەیی و

بەسادەیی

دەیەوێ شتێ بڵێ

بەحاڵ بەبیرم دێ

دەیگوت:

چ هیجرەتێکە ئەمە

کە نەتوانی چڵێ تەروی لاڕێ بادەی

تا سبەینێ

بالووکەی سەرقامکی شایەتمانی

گوڵە مێخەکێ هەڵوەرێ

چ هیجرەتێکە ئەمە

کە ڕێ نەبێ

بە کامی دڵ بسترێین و

بەستە مەدەنیەکان بچڕین

ئەو بەستانەی

سالآنێکە خۆر تکایان لێدەکا

حەقیقەتێ

لەکزبوونی چراکان و

تەڵخ بوونی ئاوینەکان بگێڕنەوە

حەقیقەتێ

لەو کەشتیە بارهەڵگرانەی سکراب بوون

بە کۆکینی حەماڵێکی ڕدێن سپی توورە دەبن

کە هێشتا

لە گوندەکەی ئەوان

تۆوی گوڵەکان مەزات ناکرێ

سەیرانگاکانیا نەفرۆشتووە

بەو پیاوانەی

گیرفانیان پڕە لە دەستوور

هێشتا لەوێ

پایز مانایەکی پایزانەی هەیە

میوەی نایلۆن لەسەر سفرە دانانێن و

وەهەم بەنانەوە ناخۆن

ئازادی لە چاویان دەڕژێ

بەدڵ بەیەک دەڵێن

ئەم کاتەت باش

ژیانت باش

** ** **

وابوو

ئەو ڕۆحە مەراقاویە

لە باخچەکەی خۆیانەوە

لای ئینجانه یاقووتیەکانەوە

بەتاسەوە دنیای دەدی

ئێوارەیەک ووتی:

دەمێکە پەلکە زێڕینەو

"ست خەرامان" م نەدیوە

نیوەڕۆیەک ووتی :

تۆ بڵێی

ئاگرێک نەکەوێتەوەو

گڕ لەم مەنفایە بەرنەدا

بەیانییەک ووتی:

هێشتا

خەون بەهاوڕێیەتیەوە دەبینم

بۆنی گەڵا گوێزی خۆشەویستی دەکەم

چاوێکم لای ئەو سرودانەیە بابردنی

بەڵام ئەفسووس

دەبێ کلیلی هەستەکان و پرتە پرتی ڕووناکی

تەسلیم بەو کەسانە بکرێ

کەبەباسی

پاککردنەوەی شەقامەکان و

ڕزگارکردنی کۆڵانەکان فێیان لێدێ

لە مەنفادا

دەبێ چاوێکت لە قیامەت و

چاوێکت لە جاسووس بێ

خەون بەخنکاندنی

جریوەی ئەستێرەوە ببینی

لیمۆی ئیمان

لە ژێر ڕەگی گوڵەکانا حەشار بدەی کە ناهێڵن

ئاو لە ژێر گوڵەکانەوە بڕوا

مانگ لە پەنجەرەوە بێتە ژووری

ناهێڵن

لەدوای کچێکەوە بڕۆی

هەناسەکانی بکێشی

سڵاو لەدووکاندارێک بکەی

کە جگەرەو

بستەو

هەتاوی شەراب

بەقەرز

دەدا بەو کەسانەی لە مانفادا

نامیلکەی حەرام دەخوێننەوە

گوێ لەکاسێتە تازە حەرامکراوەکان دەگرن

پیتە تازە حەرامکراوەکان

لە سەر مەچەکیان کوتراوە و

لەگەڵ ئافرەتێکی حەرام

لەنزیک مردنەوە ڕادەکشێن

ژێر سەریان

پڕە لە قوربانی و لە مژدە

لە ژووره تاریکەکانا

بە ڕۆح

ڕووبەری وەفا دەپێون

حەقیقەتێ لە هیجهرەت و

لەو کەشتیە بارهەڵگرانەی سکراب بوون

کە بە گریانی ساوایەک

بە کۆکینی حەماڵێکی ڕدێن سپی تووڕە دەبن

حەقیقەتێ

لە کز بوونی چراکان و

تەڵخ بوونی ئاوێنەکان دەگێڕنەوە

دەڵێن:

هەموو شتێک کپبوو

بۆنی هەناسەکانی شاتوویەک نەکرا

کە هێشتا

مانای میهر دەزانێ

باسی لە حەقیقەتی بێڕتووشە

لای پەنجەرەیەکەوە جێ هەیە

قسەیەک هەیە بیکەن

بە ڕووخسارە بڕیندارەکانتانەوە

قسەیەک هەیە بیکەن

قسەیەک هەیە

بیکەن

هاوینی 1995

* قالە – یەکێک بوو لە شێتە ناسراو و خۆشەویستەکانی شاری سلێمانی

## عەرەق چن

وەهەروەها

شتێک لە تۆ مەزنتر کوا!

لە زرنگانەوەی

سیس بوونی متمانەی زریوەی ئەستێرەکانا

سەما بەدەروازەی غیرەت بکا

چ بۆشی یە

کام تەمومژ

بێ گەردیلەی خورافیاتە!

دەنا بۆچی؟

لەنغرۆبونی مەرقەدەکانا

کەسێ بەقا بە ناڵینی کەسێ ناکا

دەنا بۆچی؟

قێژەی ژانی حەوایەکی سەرکاسە

لەبوونەوە هەتا ئێستە

پیرۆزترین سەدای ڕۆح و

دزێوترین سەمای سەرە

دەنا بۆچی؟

ئۆپرا جاویدانەکان

بەبۆگەنی

گۆرەوی پیاوە سوخۆرەکانکانەوە دەلکان

یارۆ

زار لەمەمکی لقی ووشک و

گەڵای زەردی وەریوە بەردە

ئەم سەوزە جارە نەدەبوو

بەسەر زەمینی زاوای گێل و

بووکە شووشەی تۆزلێنیشتوو

گەروانەبا..

خانمە ڕەشپۆشەکانی ئەم شارە لە "تاعوون" و

تەڕپۆشەکان لە "لۆکیمیا و سیل" نەدەچوون

**　　　　**　　　　**

شتێک لە تۆ مەزنتر کوا!

چ بۆنێک لە بۆنی تۆ قورستر بوو

گەروانەبا..

** ** **

لە چاوە ڕەشەکانتا

شەریعەتی فڕین هەبوو

کە دەتزانی

من نۆبەرەی

بێهودەیی لە ڕەحمتاسەوز دەکەم

بۆ لەو سەرە مەرگەدا جێت نەهێشتم

تێر تەماشای

ڕێ و ڕۆشتنی بێگوناهی مەستەکانی نیوەشەوکەم

کە دەتزانی

بۆ ئەوەندە

لە هالاوی سێکسی خۆتا عەرقت کردم

بۆ بەرەنگی

مەمکدان و

عەرەق چن

مایۆکانت ئاشنا کردم

بۆ ئەوەندە

لە باوەشما ڕوتبویتەوە

لەگشت جێیە هاتیتە سەر ڕێم

که دەتزانی

پەلم بە پەلی هەوریشەوە بێت

شەویٚ لە شەوان دەخنکێم

پەلم بە پەلی هەوریشەوە بێت

شەویٚ لە شەوان دەکوژرێم

دەکوژرێم و

ژمارەی

خانمە ڕەشپۆشەکان و

چەتیوەکانی سەرشۆستەو

هەتیوەکانی بەر سینەما زیاتر دەبێت

وەهاروەها

که دەتزانی

گەروا نەبا

دەنا بۆچی !؟

1993

## پێنجی هەشت

## 8/5

لە ئاسەواری خۆڵەمێشی و

ئایدیای دان کلۆرو

بۆکرِوزی شارستانیەت

لەگومان و

لە کۆچ و با

لە جگەرە و مەی و ئافرەت

لە یەکەمین و ئاخرین گزنگە پلیشاوەکان

لە زەبەلاحترین هیچ

دیتان

چۆن پڕ پڕ بووم!

دیتان

لە نێو تەمی شین و سپی

غەڵبەغەڵبی بەفیرِۆ چووی بارِەکەدا وەژوور کەوتم

ئێوە ئاقلانە دەدوان و

جگەرەکانتان دادەگیرسان

ئاقلانەتر دەخەنین و

پێکەکانتان دەخواردەوە

من..

مەستانە وەدەر کەوتم

مەستانە تر دەگریام و

سەرو سیمام لە ڕەشەبا

ڕێورِۆشتنم لە چەخماخە دەشاردەوە

بەرد بوومایە

لەشەوێکی قێزەووندا دەتوامەوە

لەتەمێکی دڕکاویدا بزر دەبووم

بەڵام دیتان

چ پاڵەوانێکی سەما

لەسەمای چاوەڕوانیدا

چ سەنتوور ژەنێکی باڵا بووم

لە گۆرانیەکانی فیراقدا

** ** **

ئەم شانۆیە دەناسمەوە

ئالێرەوە دەستم پێکرد

سەعات سفرو یەک دەقە بوو

خەونە کامڵ بووەکانم

لە گەڵ سەمای مەمکی کچە قەیرەکانا بەیەکگەیشتن

لەلەزەتی بارانی پەڵەدا غەرق بوون

ئەو زەمانە عەشق

شەپۆلێکی سەدەفی بوو

بە میهرەوە

سەری دەکردە سەر ڕانی ژنە چاو باشقەڵەکان و

ختووکەی دڵنیایی

لەدڵی پیاوە ڕەبەنەکانا دەڕوان

ئەی خوایە گیان وەرە ئیمشەو

وەک کەروێشکێکی سپی خرپن

لەپەنجەرە شکاوەکەوە تەماشامکە

تەماشا..

لەسەرابی دروشمە سیاسیەکان و

وەفای پیاوە حەشەریەکانا

چ قوومارچیەکم لێدەرچوو

**          **          **

ئەم شانۆیە دەناسمەوە

ئالێرەوە

لە گەڵ سەمای مەمکی کچە قەیرەکانا بەیەکگەیشتن

لەلەزەتی بارانی پەڵەدا غەرق بووین

ئەو زەمانە عەشق

مەیتەرێکی نوورانی بوو

سەری لەیاساکانی بازنەو

بنەماکانی شیعر دەردەچوو

دەتگووت باوکی خەرامانە

وەفا لە چاوی دەباری

وای ئەو زەمانە عەشق

ئای ئەو زەمانە عەشق

چەند قسەی خۆشی دەزانی

بابیر صدیق

سلیمانی 1994

---

## مۆدێل

### بەرکوڵ

چیا پشتم دەچەمێنێ

نیگەرانی

سەری خۆم و شیعرم دەخوا

بەدڵ گۆرانی ووتن

بۆ پایز و ئەستێرە و ژن

ڕیشم سپی سپی دەکا

** ** **

لە کوێوە دەست پێبکەم

بە چەند هێڵ

"کانفانس"ی دەروونم دابەشکەم!؟

ئەی چەند ڕنگ پێوویستە

تا ژان و ناڵینی مرۆڤێک دەرببڕن!

فڵچەکەم چۆن بگرم

بۆئەوەی ڕەنگەکان

یەکتری سەرنەبڕن

له کوێدا کۆتایی پێبێنم!

سەرەتام

"سکێچی" سیماتەو

کۆتاییم

"مۆدێل" ی بالآتە

ئەو ڕەنگەی

کەژانم دەداتە بەر تیشکی ڕووناکی

هارمۆنی پایزی و

هەنگوینی چاوانتە

ئەی کێشە سادەکە

ئەی بێشە چڕەکە

ئەی گۆمە مەنگەکە

ئەی چۆمە خوڕەکە

ئەی ژن

کاشکا بمتوانیبا

جگە لە جوانی تۆ

هیچی دیم نەدیبا

1987 قەرەداخ

تۆ

بەناخی

ئارەزوو

چرکەی پەنگ خواردوودا ڕۆدەچیت؟

تۆ

دەتوانیت

لەچڕی دوکەڵی جگەرەی ئاخێکدا

گۆرانیە سڕەکان بنێژی

تۆ

دەترسیت

پێکەنین بکەیتە ئیقاعی شیعرێک و

بەماچێ

لەزەتوو مانایەک

بە شەوی دەیجوری شاعیرێک ببەخشیت!!

ئەی کێشە سادەکە

ئەی بێشە چڕەکە

پەرچەمی خورمایی و ڕوخساری "برۆنزیت"

بوونەتە سکێچی سەرەتاو

باڵآشت مۆدێلی کۆتایم

هارمۆنی پایزیی و خومارییی چاوانت

بوونەتە

دیمەنی کسکۆڵەی شیعرێکی مەلوول و

پارسەنگی

غوربەت و تەنیاییم

**                **                **

ئەی گۆمە مەنگەکە

ئەی چۆمە خوڕەکە

ئەی ژن

من سۆزم بڵقێکی سەر ئاوەو

ووجودم پوشێکی دەم بایە

گوێم لێیە تۆش بانگم دەکەیت و

ئەم دڵە خورپەیە

ئەم بیم و هەناسە سوارییە

لە تەپە تەپی پێی

ئەم خەونە بێبۆن و بێڕەنگە

کۆتایی هەر نایە

1988 سەقز

کلیلی..

شەپۆلی " هیستریا" ی ئەم چاخە

چریسکەی نیگاتە

مۆسیقای چرپەشت

"موعجیزە" ی جیهانی عەشقێکە

وەک "مۆرفین" دەرژێتە خوێنمەوە

ئەفسونی لەنجەشت

چێژێکی بزر بوو

تێکەڵی دڵ تەنگی ئێواران دەکات و

گیانێکی بزۆزیش

دەدا بەئارەزووی مەلاس بووی ناخی من

بۆ ئەوەی

لە چڕی دیمەن و

لە قووڵی هەناسەی شیعرما

گەرمایی لەشی تۆ ببینرێ

کەچی تۆش دەترسیت

"تیرۆژ" ی موفەڕکە ماچێکت

بخەیتە سەر سیمای زەبوونی

ڕۆژنامەی عومرێکی چەواشەو

لەزەت و مانایەک

بەشەوی دەیجوری شاعیرێک ببەخشیت

** ** **

لە کوێدا

کۆتایی پێبێنم!

گوێم لێیە

تۆ بانگم دەکەیت و داخ ئەفسووس

هەندێ جار

لە"تیمپۆ" ی ژێکانی ناختا

نەشازی غروریت وەک چقڵ سەر دەکاو

به مۆخما ڕۆدەچێت

ناهێڵێ

لە دەریای هەنسکی قافییەی ئەم شیعرە سەوزەدا

تابلۆی جاویدی جوانی تۆ

وەک یاقووت دەرکەوێت

ناهێڵێ

ئەم ڕۆحە دانسقەو ساکارە

ڕەنگی پشت دەنگەکان ببینێت

ناهێڵێ

ئەم ڕۆحە شەکەت و زگارە

دەنگی پشت ڕەنگەکان بژنەوێت

** ** **

بوونی تۆ

جەوهەری سۆزێکەو

هاوسەنگی هاوکێشەی "میزاج" م ڕادەگرێ

تۆ نەبیت

گینگڵیش خەجاڵەت

ئەی ژن

ئەی هێمای تەم و مژ

غرورو ڕاڕایی و سنووری موستەحیل

نەبوون بە کۆڵەکەی سەرنج و بۆ چوونم

قووڵایی دەریایەک فەرهەنگمە

گەردن و ڕووسووریت ئازادە

سڵمەکە

" سڵمەکە لە مەیلی بەگەرمی ڕوانینی پیاوێک کە "*

حەز دەکا ببێتە شاعیر و بەشیعرێ

لەڕقی دنیایەک، دنیایەک دروستکات

سڵمەکە

گەر سڵکەیت

نەگوێچکەی عاتیفەت

لە کسپەی ئاوازو

لە خورپەی شیعر دەگا

لە چێژی چریسکەی نیگاشت

بۆ پیاوێک

شەرمن و ترسنۆک دەبێتە پەناگە

** ** **

سەرەتا و

کۆتایی

ئەم شیعرە

شیعر نا...

وورێنەی لەرزوتا و

لەسەر خۆچوونێکی پڕ مانای دەردێکی کوشندە

ئەی ژن ..

تۆ بوویت و

تۆش نەبوویت

تۆ بیت و تۆ نەبیت

تۆ دەستم دەستۆکە

تا منیش مردنم ببێتە داستانی موحیبەت

مردنێ

وەک"کۆڤان"*

بەسام و ، ویقارو بەهەیبەت

ئەی هێمای تەمومژ

ئەی ژن

دەزانی!!

مردن و

داستان و

موحیبەت

یەعنی چی!؟

1990 سلێمانی

* ئیشارەتە بۆ دێڕێ شیعری مامۆستا گۆران

* "کۆڤان" : ناوی هونەری پێشمەرگایەتی هونەرمەندی شێوەکار ( کامەران صدیق) ی شەهیدە کە لە ململانێیەکی ناو (پاسۆک) دا .. دەگاتە بن بەستو خۆی دەکوژێ

# شەونخون

وا چەند شەوێکیش

گلێنە و دڵمی بۆ دەکەم بەماڵ

بەڵام دەزانم

ئێوارە تەمی

جەستەی هەردوکمان

دەبێ بە سووتووی

جگەرەی خەمێ

** ** **

ئاخر

لە ڕۆژگارێکدا "ئەو" خۆشیدەێم

من سۆزم بووە بە گۆڕ هەڵکەن.

ڕۆژێ چەند جارێ

خۆم دەنێمە چاڵ

** ** **

وا چەند ڕۆژێکیش

یادی دەکەمە گۆرانی دەم ڕێ

تۆ بڵێ ی لێره..

لەم شاخ و دۆڵه

هەورێ ، ڕێبوارێ

بایه باڵدارێ

دەستی نەخاته سەرشانی قورسم

هەواڵێکی لای ئەوێ پێنەبێ

** ** **

دڵه ڕاوکێیەک وەکو نیکۆتین

تێکەڵ به ڕۆح و خوێنەکەم بووه

من دەڵێم ئەمه

نەخۆشیەکی باوی سەردەمه

لەگەڵ باروتا

تێکەڵ به هەوای ئێواران بووه

** ** **

وا چەند ڕۆژێکیش

یادی دەکەمه گۆرانی دەم ڕێ

بەڵام دەزانم

ئێواره تەمێ

جەستەی عەشقمان

دەبێ به سووتووی

جگەرەی خەمێ

گوندی مالوومه1986

## ژیکەڵە

دڵت

کۆترێکی

دیل و باڵبەستەی

زیندانی شاری پڕ تەموخەمە

خۆ منیش باڵام

دارێکی نامۆی

نێو دارستانە چڕ و ڕەشەکەی ئەمبەری چەمە

بۆ هەڵنافڕیت و

نایەیت چلێکی لقی حەسرەتم

بکەیت بەلانە

بۆ ئەم زستانە

** ** **

خرمەی بارانی

سەر بە کلاوەی شەوانی زستان

تەپڵ و شەیپوڕی

تیپی ئازار و هەژانی منە

سەمای بێدەنگی

پەپولەی بەفرو کچی دارستان

تابلۆی دنیای

عەشقی بێگەردی سۆفییەکی وونە

**            **            **

کاتێ کە بینیم

پەیکەری باڵات

لە ناو "سەبوون" ی

لەیەک بڕانا دەچروسێتەوە

مەدەد یا مەولای

دڵم دەرهێناو کردمە پەڵۆشە

بۆ ئەو شاعیرەی

لە شەوی تارو ئەنگوستە چاوا

داستانی عەشقمان دەنووسێتەوە

**            **            **

عەشقمان ساوا بوو

لە پێدەشتێکا

بەرەو ترۆپک کەوتبووە سەر ڕێ

کاتێک کە دای کرد

کرێوەی تۆف و وەیشوومەی ڕۆژگار

ناپرسێت تۆ چیت!

کێیت و کوڕی کێ!؟

** ** **

جاران

باخێک بووم

سەوز وەکو چاووت

ئێستاش کە بووم بە منالّی باوەش

گەڵا ڕێزان و پایزی دووری

زەرد هەڵگەڕاوم بۆ قژی خاووت

** ** **

ئێستاش لە بیرمە

ئەو ساتە ڕەشەی کە بە جێم هێشتی

لە دوا ئاوڕدا

بۆشایی نێوان

سیمای تەڵخی تۆو نیگای ماتی من

تابلۆیەکی سریالی ڕووتی ئەم ژیانە بوو

چاوانت بسڕە

دەستت هەڵگرە

لە ڕاژەندنی بێشکەی بەتاڵی

ئا ئەو ڕۆژانە کە لە دەستمان چوو

** ** **

ئێستەش کە جارجار

بنبەستی یاساخ کوناوەدەر دەکەی

بە کوچەی ترس و

قاچاغە ڕێدا دێیتە دیدەنیم

زۆر ساکارانە

دەپرسی بۆچی زەردو زگاری!

ئاخر نازانی

سووتانی ویژدان

لەناو ئاگری تاوانی خاڵکا

چۆنە ئازادی

** ** **

نازانم

کەی بوو

نامەیەکی تۆ

گەیشتە دەستم

تێیدا نووسیبووت:

" بێدەنگی کوخی سەرفرازییە ، خامۆشی چەترە"

سووپاس..

هاوسەرە خێرنەدیوەکەم

لەسەر حەق بێژی

مەنجەنیقەکەی مەنسووری حەللاج

بۆ من وەک بەفرە..

**          **          **

ژیکەڵانەکەم

لە کۆتایدا چاوتان ماچ دەکەم

گەر نیازت وایە

بەم نزیکانە بێیتە سەردانم

جووتێ گۆرەوی و

هەندێ کاغەزی سپیم بۆ بێنە

نەیەت بە بیرتا

نا بووتی وچۆلی گیرفانەکانم

لەگەڵ ...سڵاو و

ڕێزی" سابیر" تا

گوندی هەرگێنە 1987

## لە پشت کێوەوە

## بۆ محمەد عمر عوسمان

گەواڵەیەک دێت

بەری خۆر دەگرێت

جەمسەری ئاسمان دێنێتەوە یەک

بایەک هەڵدەکا

باران دادەکا

سیمای گەش دەبێت

سکڵی چەند شعریک دەگەشێتەوە

باران و هەور و گڤڤەی ڕەشەبا

گەردوون دەکەنە تۆپێکی خڕو

دەیهێننە ناو ژوورەکەیەوە

** ** **

پایز وەک سیمای

پایز وەک ناخی

ڕووت و سادەیە

پایزان گەڵا و چرۆ و گوڵ دەگریێ

باخی ئەندێشەو بێستانی ئاخی

** ** **

پایزی خۆشوویست

پایزی پەرست

لەبەر خاتری چاوان و قژی

بایەک شەرابی سکاڵای ڕشت و

"گوڵە"خان ڕەنجاو سەرنجی نەدا

لە لووتکەی عەشق و لە تەمومژی

** ** **

دایکی

ژنێکە سەوادی نییە

دوێنێ ئاگری

بە چەند شعرێکی ئەو کردبۆوە

پێیووت دایە گیان

میوان ئازیزە

دڵی غوربەتی و ئارەزووی وێڵی

ئەم میوانەی خۆت لەپای چی سووتان

** ** **

ئای لەسەر کورسی ڕەقی چایخانەو

لەکەناری ڕێ

چەندە گریاو کوڕوزایەوە بۆ کۆچی کچێ

بەنیازی ئەوەی خۆی بخلافێنێ و

دڵێکی مردووش تاوێ بهەژێ

لەبەختی بەدو سیا چارەی

"کەسێ نەبوو کەس"

هەر تەنها خۆیی و جگەرەکەی بوون

بەیادی چرپە و

ئۆخەی سەر سینەی دەسووتان و بەس

** ** **

ئەی دنیای پشتکێو

پشتکێوی سەخت و

چڕ و گەردن کەش

پشکێوی کەندو

کۆسپ و کێزرەی ڕەش

تۆ بڵێی لەژێر

تاشە بەردێکدا

جێگەی پیاوێکی نامۆبێتەوە

تۆ بڵێی ئاخۆ!

لە گوێ ڕووبارێ

یا لە ژێر سایەی دارە بەنێکتا

دڵێکی مردوو زیندوو بێتەوە

دەمەو ئێواران شنەیەک هەڵکاو

"تەمی دوو دڵی و

هەوری خۆکوشتن

لە دڵ و سەریا بڕەوێتەوە"

گوندی هەرگێنە 1987

## کسپە

شەو ڕاشکابوو

له پەنجەرەوە

نیگای مەستم دی

سەگێک لاتە لات

دەگەڕا بۆ قووت

بایەک هەڵی کرد

گەڵایەک وەری

خونچەیەک پشکووت

** ** **

شەو ڕاشکابوو

شار نووقمی خەو بوو

تانجەرۆ ماندوو

وەنەوزی دەدا

تەنها شاعیرێک

ئێشکچی شەو بوو

** ** **

تەنها شاعیرێک

لەسەر مەزاری

چەند پەپولەیەک دەدوا بە چرپە

لە تاریکیدا چاوی دەسوتاو

دڵی دابوە بەر

کزە بای کسپە

دڵێک چۆن دڵێک

وونجرِ وونجرِ بوو

لەحەسرەت ڕەشی

ڕەفتەی سەر گوڵێک

قەرەداخ 1987

---

## سۆناتا

خوادن و خەو و

ژان و نەخۆشی

تەنیایی و شەو و

مەستی و بێهۆشی

**

قرچە قرچی ناخ

بۆسۆی سوتانم

تەمی تاڤگەی ئاخ

کەفی کۆڤانم

**

سۆناتای مەرگ

شەهید بوونی گوند

سەفەری سووری برادەرانم

هەمو ئەمانەم

بۆ تۆ نووسیوە

بە تەنها باسی کەنارێک نەبێ

ببورە هێمان

ئەوم نەدیوە

قەرەداخ 1987

---

## شەیپوور

گڤە گڤی با و

هاژەی چەمەکە

چۆن بوون بە سەدای شەیپووری مردن

وای دڵی من و

ئاگردانەکەی

نەنە"مروەت"م ، هەر لەیەک دەچن

*

تاکو دوێنێ بوو

پڕ بوون

لە سکڵ و گڕ و ترووسکە

ئەمڕۆ سارد و سڕ

بێ تین و کڵپە

دوور لە چریسکە

قەرەداخ

## بومەلێڵ

خۆرێکی زەردی

نوقمی تەمومژ

ڕوخسارو ڕەنگمە

شوێن:

گوندێکی چۆڵ

پشیلەیەکی بازوو هاوەدەنگمە

*

کات:

بوومە لێڵە و

کەمێک هێمنم

کوانێ

برووسکەی

گەواڵەی یادی کچێکی ڕەشپۆش

بیکات بە قەقنەس کۆتەرەی بالأم

بەر لە هەرەس و

ساتی مردنم

قەرەداخ 1987

---

## ترس

کێدێت لە گەڵما!

بگەڕێینەوە بۆ ئەشکەوتەکان

تا وەک نەنکمان

وەک باپیرەمان

شەوی مانگە شەو

لە تریفەی مانگ

لەزەت وەرگرین

بێترس نان بخۆین

بێترس ڕاو بکەین

تێر پێکەنین و

تێر تێریش بگرین

بێترس و بێخەم

سەما بکەین و

دڵدارەکانمان لە باوەش بگرین

## هێرۆین

من و

تۆ و

شارەکەم

لە ئێوارەیەکی

خۆڵبارین دەچین

لە خەونێکی ئاڵ و واڵاو

لە گریانێکی

بەلەزەت دەچین

*

من و

تۆ و

شارەکەم

لە موعتادێکی

هێرۆین دەچین

ئەها...

تەماشا

هەست بە بۆ سارد و

بۆنی مکیاجی

سیماکان ناکەین

قەرەداخ 1987

## زام

لەسەر

بەردی ڕەق

ئاوتان دەرهێنا

لەژێر

پێتانا

چەندین کێو ڕما

بروسکەی چاوتان

ئاگری لەسەر دەریا کردەوە

ئێوە ئەوانەی

لە پشت دەرگاوە

تەوق لە گەردن و

دڵتان لە تۆڕا

هیچ نەما نەیکەن

هیچ نەما

هەر هیچ

دنیا نەگۆڕا

قەرەداخ 1987

## کۆکتێل

+ ئەم پێکە

بۆ بەردەم

مونەسەی

کۆنگرە زۆر خەستە

– نۆشیکە..

خەستترت نەدیوە

گەلێک جار

من دیومە

ئەوەندە

عارەقەی ڕەشوڕووت گوشراوە

لە بنی پێکێکدا

بۆ کۆکتێل دانراوە

* * *

+ تۆ بڵێی!

ئەمڕۆ ئەم ڕەهێڵەو لێزمەیە

تینوێتی ناخی خاک بشکێنێ!

– زۆر خەمتە

+ ...

– نازانم!

*　　　*　　　*

– ئەفیونی

ڕووناکی

مۆمەکەی دوێنێ شەو

ماڵی چەند پەپولەی وێران کرد!

ئەی ئەم شەو

ئەفیونی ڕووناکی ئەم مۆمە

چەند عاشقە پەپوولە

لە یەکدی جیا دەکا!؟

*　　　*　　　*

+ هیچ شتێک

دەربارەی

هیچ ئایدۆلۆژییەک نازانتیت

– جا چیە

بۆ خەمتە!؟

ئەستوور بم یا باریک

مرۆڤم

ژوورەکەم

ڕووناک بێت یا تاریک

مرۆڤم

بەیانی...

هەتاو بێت یا هەور

با هەڵکا

یا باران بباریت

یا بەفر

مرۆڤم

*          *          *

ئەی مرۆڤ

لە زنە بچوکتر

لە دەریا گەورەتر

ئەی مرۆڤ

لە دەریا گەورەتر

لە زنە بچوکتر

نۆشیکە

خەستترت نەدیوە

## کابوس

هەوا ساردە

کات:

کابووسە

رۆژگار دەمی ژەنیوەتە ناو برینم

من برینم!؟

یا ئازار و ژانە سەرم

یا جگەرەی

نێوان پەنجەی

سەرقافڵەچی رێی قەدەرم

*　　　　*　　　　*

کزەبایە

ئاسمان گرژە

ڕۆژگار دەمی ژەنیوەتە ناو برینم

کات:

برینە

تەمەن:

زەردەخەنەی نێوان گریەو پێکەنینە

باوکم:

سۆفییەکی نەناسراوە

وورِوکاسی عەشقی خاکە

دایکم:

ئافرەتێکی بێسەوادە

دەروون پاکە

من:

ئاخێکی گەرووی مێژووم

تۆ:

کۆتەرەی

چوا رِێیانی چاوەرِوانیت

من:

کۆرپەلەی منداڵدانی بای قەدەرم

تۆ:

زامێکی سارِێژ نەبووی دڵی زەویت

تۆ:

رِەنگە

هیچیان نەبیت

"من" یش :

جگەرە نیم

بابایەکی قەلەندەرم

گەرچی ئاسمان

گرژ و مۆنە و

کزە بایە

زۆر بێزارم

ئالەم پاڵتۆ قورس و ڕەشە

کەوا ئەمشەو کردمە بەرم

1987 مالوومە

## ستیللایڤ

( "بەکری" خطاط

بەکری هونەرمەند و پێشمەرگە

بۆ هەمیشە لە زهنی مندا دەمێنێتەوە )

سەرت

چواردەوری گیراوە

هەور..

دەیەوێ بیکاتە خەو

با..

دەیەوێ بیرفێنێ و

وەک پۆستەری شەهیدێک

بەدیواری

مزگەوتێکدا دای بکوتێ

** ** **

+ سەرت

لەدەست ئەم بایە دەرناچێ

ئەم بێدەنگیە

زۆر لەدڵت گەورەترە

– هیچ مەهەژێ

دڵ بێشەیە

بێدەنگیشم

لە چاوی

ئافرەتێکی ئەسمەر دەچێ

ئێوارەیەکی جیوەیی

کۆچی کرد و

کەس نەیزانی

بۆ کوێ ئەچێ

** ** **

خەونەکانت هەڵگرە

شەوێکی بێدەنگ

لە چەقی دووڕێیانێکدا

بۆ کۆتەرە دارێک

یان بۆ تاشه بەردێکی بگێڕەوە

** ** **

خەونەکانم هەڵگرتووە

دڵم

بەسەمفۆنیای سروشتەوە لکاندووە

نیگام

بە گۆی مەمکی

ئافرەتە ئەسمەرەکەو

پایزێکی

هەمیشەیی گۆشکردووە

** ** **

لێتان

دووردەکەومەوە

شوێن پێکانی دەدۆزمەوە

سروشت

لە پاشکۆما سوار دەکەم

بە شوێن بۆنی " تیرۆزە"کەی سەر سنگی و

هەناسەیدا سەر هەڵدەگرم

شەوێکی بێدەنگ

لە چەقی دووڕێیانێکدا

تێر لە ئامیزی دەگرم

خەونەکانمی بۆ دەگێڕمەوە

تارماییەکی سپی بەفر ئاسا

لەبەر نیگای حەپەساویا دەتوێنمەوە

پێی دەڵێم:

هیچ مەهەژێ

هەموو شەوێ سەعات دوانزە

ئەم دەنگە ترسناکە هەیە

لوورەی بکوژو کوژراوانی

ئەم شەڕە بەدەیە

"بەسەر کردنەوەیەکی خێراتر"

سەرت چواردەوری گیراوە

هەور دەیەوێ بیکاتە خەو

با دەیەوێ بیڕفێنێ

*

خەونەکانت

شەوێکی بێدەنگ

لە چەقی

دووووووووو...

ووتم:

لێتان دوور دەکەومەوە

بەشوێن بۆنی هەناسەیدا سەر هەڵدەگرم

شەوێکی بێدەنگ

لەچەقی دوو ڕێیانێکدا

دەیدۆزمەوە

هەر لەدوورەوە

بانگ دەکا وەرە

دەزانم هێشتا

خوماری شەوی

ئێرە..

ئەم جێیە

بێژانە سەرە

نەبازنە هەیە

نە خەو نە مردن

نە بازنە هەیە

نە خەو

نەمردن

*            *            *

دەچمە پێشەوە

دەڵێم:

خومار نیم

کاس و تاساوی

مەرگی ناوەختم

پاڵتۆ سەوزەکەم دەکەمە بەری و

جگەرەیەکی بۆ ڕۆشندەکەم

پێی دەڵێم: ( بەکر)

کۆچی خێرت بێ

من دەبێ جارێ

لەناو ئەم دەنگە زبرو گڕانە

لە ناو ئەم نیگا ساردو سڕانە

بمێنمەوە

من دەبێ

جارێ

ب

مێ

ن

مەوە

قەرەداخ 1987

## "کۆڤان" یا "کامەران"

( کامەران

بەسەرهاتێکی گرنگ و، چیرۆکێکی گەورە بوو

پاڵێتێک و

تیوپێک و

فڵچەیەک..

پەڵەیەک خوێن

گرێی دابوون

هەر لەبەرگی

ڕۆمانێکی پڕ نهێنی

سەدەیەکی ڕزیو دەچوو

*

پاڵێت ووتی:

من کۆگەی

تیشکی چاوی

مناڵێکی حەپەساوی

لە پاش گرمەو بۆردومانم

*

تیوپ ووتی:

من ڕەنگی

دیمەنی پاش سووتاندنی

شۆخە گوندی کوردوستانم

فڵچە ووتی:

من ئاوێنەی

زکری دڵی شەهیدانم

من" کۆڤان"م

من زمانی

خەون و خۆزگەی

"کامەران"م

1987 مالوومە

## دەنگێ لە مناڵانی شارەوە

دوێنێ..

لەسەر شەقامی "مەولەوی"

مناڵێکی بۆیاخچیم دی

بەدەم شنەی ئەندێشەوە

چوار دیواری حەوانەوەی

پاشەڕۆژی

خۆی هەڵدەچنی..

"بوو..

بەژێر،

زیلێکەوە"

ئەمڕۆ..

خوێنە ئاڵە ووشکەوە بووەکەی

بەقەراخی شۆستەکەوە پێدەکانی

لەبەر ئەوەی

بیستبووی کە :

هاوڕێ بۆیاخچیەکانی

چیتر پۆستاڵ بۆیاخ ناکەن

سلێمانی 1976

## لە ژێر سێبەری گا بەردێکدا

کاتێ هاتی

لەگەڵ قاقای پێکەنینا

خۆت هاویشتە نێو باوەشم

لێت پرسیم:

بۆ وا ماتی؟

ئەمشەو

جەژنی لەدایک بوونی منە

گوێزەبانە،

نوقڵی لێوم بۆهێناوی

ها شیرینی

خۆشەویستی لێبچێژە

وورده وورده

دوگمەی سنگت ترازاندو

ووتت هانێ

دوو بێستانی مەمکەکانم

بەسەر هاتی

ڕابووردووتی تیا بنێژە

*

سەرت نووسان بە سنگمەوە

وویستت باسی دوو ساڵ دووری بگێڕمەوە

وویستت باسی:

خوێن خواردن و

خاک سووتان و

کوێر بوونی خوا بگێڕمەوە

دەنگێ هات و ڕای پەڕاندم

کە سەیرمکرد

ژێر سێبەری گا بەردێکەو

بۆ سەر خەوێ

سەر وەسەر ئەژنۆم نابوو

لە جیاتی تۆش

تفەنگەکەم لە کۆشما بوو

سلێمانی 1976

## خولیا

لە پێچپێچەو

تەمو مژی

هەناسەی پەستی زستانەوە بەرێکەوتی

تەمی چاو و

خەمی کۆڵت

تابلۆیەک بوون

خولیای سەرت وعەشق و دڵتیان

بە گوێی چەم و

شاخ و هەورا..دەچرپاند

ئەوەندە وورد

ئەم سرووشتەت دەخوێندەوە

هەتا فێر بوویت

( شەستە باران چۆن دادەکا؟

ئەو چیایە

چۆن سەوز دەبی!

کانی بۆچی..!

دەتەقێت و

ووشک دەکا و ووشک ناکا!

بۆچی؟

وەرزێ نییە

داری ژاڵە تیایا بمرێ

کەچی مرۆڤ

دەبێ بمرێ)

*

من زوو زانیم

پەڕەسێلکەی ڕۆحی"حاجی قادر" بوویت و

قورئانەکەی

"نالی" و "خانی" لە سنگتا بوو

من دەم بینیت

ترووسکەی قین لە چاوتا بوو

نێڵە نێڵی ئاگری تۆڵەی

ڕەز و باخی سوتێنراوی

ئەو بنارە لە دەنگتا بوو

من زوو زانیم

هەر بە تەنیا خۆشەویستی

ناو ئەشکەوتوو

پاڵ دەوەنت

لە دڵا بوو

سلێمانی 1976

## بارانی خەم*

تۆ هەوریت و بارانی خەم

بەسەر مندا دەبارێنی

ڕەشەبایت و گوڵی جوانیم

لە بەهاردا دەوەرێنی

وەک تارمایی مردن وەهای

بزەی شادیم دەتۆرێنی

هەورە برووسکەی گڕاویت

پەڕەکانم دەسووتێنی

وەک گێژاووی ناو گۆمێکیت

دێڕەکانم دەخنکێنی

لە تیشکی ڕۆژ بەهێزتری

چاوەکانم دەترسێنی

نەء .. گیانەکەم

ئەمانە نیت

زۆردارێکی بێ بەزەییت

ووشەی جوانی خۆشەویستی

لەسەر لێوم دەتاسێنی

سلێمانی1975

* له ژماره25 ی گۆڤاری بەیان ی ساڵی 1975 بڵاوبۆتەوە

## باهۆز

زنەیەک بوویت

لە دەروونی ووشکەڕۆما

ووشک دەبویت.. دەژیایتەوە

دەژیایتەوەو

ووشک دەبوویت

*

کەچی ئێستا

زێ و ڕووباری

کێشەکانی هەموو دنیا

ڕژاونەتە چاوەکانت و

بوویت بە دەریا

*

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ

گەورە ترو

قوڵتر دەبیت

بۆیە..

دەسبەرداری عەشقت نابم

ئەی ئاوێنەی باڵا نمای

کێشەکانی ئەم گەردوونە

1977

## وەرین

ئەمشەو

وەرین..

میوانی چەند گەڵایەکە

تۆش..

لە دووری دوورەوە

هاتوویتەوە و

میوانێکی

چکۆلانەی

کاولئاشی دڵی منی

تا سپێدە

لە چاوانتا دەخۆمەوە

خەمە ئینسانیەکان نەبێ

هەموو شتێ،

لە بیری خۆم دەبەمەوە

خەمە ئینسانیەکان نەبێ

1978

## پریاسکە

ئەستێرەیەک

لە دوورە چاو دا دەگرێ

عاشقێکی نهێنیەو

حەزی لەسەر سنگی بەفرە

ئاخ بۆ چاوی

چەم و کانی هەڵدەکێشێ

بیلاوێنە

چاوکانتی لێدامەخە

با پریاسکەی خەمەکانی

لێنەبێتە گرێ کوێرە

1978

## شەرا

ئەگەر دووریت
گڕەو
شەرای شارەزوور بێ
لە ئامێزی
گڕاویا بمسوتێنێ
ڕۆحم دەبێت
بە پەڵەیەک هەوری شەنگ و
تۆ لە کوێ بیت
ئەویش لە وێ
چەتری سەرتە

1987

## خەرامان

زریانیکە
کەس نایناسێ

ئالآوەتە

بالآی گڕی کوانوی سەرم

نە ئەوەتا

ئەم خامۆش بێ

نە ئەوەتا

ئەو کپببێ..

( چرا خامۆش بێ دڵ خامۆش نابێ

عەشقی خەرامان فەرامۆش بانێ)*

هۆ خەرامان

بە خۆم نییە

شەختە ڕێگای

پڕ لە زامم گرتۆتە بەر

فریشتەی خێر چاوەڕێمە

کە مانگ وون بوو

کۆچێدەکەم

لە پرچی تۆ درێژترو

لە چاوانت ئاڵۆز تر بێت

بیرت نەچێ

چاوەکانت

دوو پەنجەرەی

سەر کۆلانی ڕەشوو ڕووتی ئەم وولاتەن

گەر نەمام و نەهاتمەوە

نەهێڵی تەم بیان گرێ

گەر نەمام و

نەهاتمەوە

1979

## دە من چیبکەم*

لەگەڵ

یەکەم

دەستگوشینا

من زریانی

ئائەم کۆچەم لەبەر چاو بوو

کەوا ئەمشەو

باڵا لەڕ و زگارەکەم

لەبەر دەمیا هەڵدەلەرزێت

*

کۆچت بۆتە

تەوقی مەرگ و

لە گەردنم نابێتەوە

تۆشدەتەوێ

لە دەفتەری عەشق و یادی

یەکتریدا کاڵبینەوە

دەمن چیبکەم

سەرم سەختەو بەرگە دەگرم

پاش کۆچی تۆ

لە گەڵ کوڵێ خەما نامرم

*

چەند دوور بڕۆیت

چەند چەم و شاخ جێبهێڵیت

چەند ووشکە هەرد

بە گاسنی کۆچ بکێڵیت

بە مناڵی

لە زۆزانی

سنگی منا گەورە بوویت و

لە قووڵایی زامەکانما

چاوەکانت کرانەوە

گریانی من سەوزی کردی

*

دەمن چی بکەم

کە ئەستێرە

لە ئاسمانی خۆی بێزارە

شاعیر لە شەو

دەریا ڕقی لە کەنارە

دەمن چی بکەم

کەوا ئەمشەو

گوڵتامەزرۆی ماچی خارە

دەمن چی بکەم

( گەر خەتای منە

ببم شێت و وێت

گەر خەتای تۆیە

خێر نەیەتە ڕێت )

1979

* دەمن چیبکەم / ئەم شیعرە بوو دوای دەسکاری کردنێک بوو بە شیعری

( ست خەرامان ) و گۆرانی ( حمە ڕەووف کەرکوکی )

## شەوی یەڵدا

کە شەو دێت و

بوخچەی ڕەشی

بەسەر شارا دەکاتەوە

تۆ دەبیتە

ئازارێکی سپی پۆش و

بە سەر پێڵوی چاوەکانما

دێیت و دەچیت ..

لە سووتان و کشانی

ئەستێرەکان چیدەزانی

بۆ لەدایک بوویت!

بۆچی دەمریت!

ئەو مرۆڤەی خەمی نەبێت دارو بەردە

لە نێوان ..

لەدایک بوون و مردنتا

چ خەمێکت هەڵگرتووە؟

*          *          *

سروشتی شەوی

شاری ئیمە

ترسناکە و پڕ ئازارە

کێ عاشقە

کی تامەزرۆی

جێژووان و ماچی یارە

هەر ئێوارەی لێداهات

دەبێت بەرگی جەنگ  لەبەرکات

ئەو مرۆڤەی

خەمی نەبێت

دارو بەردە

یا خەمخۆربە

یا ئەوەتا

دەست لە یەخەی

دەستگیران وزەوی بەردە

سلێمانی 1980

## میحنەت

وا چەند ڕۆژێکە

خەیاڵی کچێ

بۆتە ڕەشەبای دوای بەفر بارین

دارێکی ڕووتوو

گەڵا وەریوی بەردەم ڕەشەبا

لە باڵای لەڕ و غەریبم دەچێ

*

ڕۆژانی زستان

جار جار تیشکی خۆر

سەر دەردەهێنێ و نیگای نەرم ومات

دەبڕێتە کۆشی سەرزەمینی چڕ

جوانی دەبەخشێ بە لووتکەی سپی و

لە بناریشدا

هەر هەڵدەلەرزێ دارستانی سڕ

دڵم دارستان

سەر لووتکەی خاڵ خاڵ

هەور دەفتەرمەو

شیعریشم بۆتە بارانی زوخاو

*

کوانێ دڵەکوم!

زستانی جاران

ئائەو شەوانەی بەفر دەباری

بێخەم و شەوگەڕ وەکو سەرسەری

چەند ماڵ دەگەڕایت بۆ بەزم و یاری!؟

*

کوا ئەو زەمانەی کە"کانی ئاسکان"

مەیدانی "مەشق" و "جرید بازی" بوو

تابووتی مەرگە جێنزرگەی "وەیس"

جاران سێبەری عەشق بازی بوو *

کوانێ دڵەکەم!

کوا ئەو زەمانە

تۆ بڵێی "نالی" بگەڕێتەوە

سەر بخەمە سەر ڕانی شیعری و

ئائەم ڕۆژانەم بیر بچێتەوە!

*

دڵ هێندەی سێوێ

زەمین پڕ کێشەی

ئاڵۆز و چڕ چڕ

سەر دەروێشێکی

پەتیارەو وێڵی شوێنپێی "حەقیقەت"

شەکەت و ماندوو

کاس و گێژ و وڕ

*

ئاخ دەمن چی بکەم

وا چەند ڕۆژێکە خەیاڵی کچێ

بۆتە چەمێکی

پڕ لە نهێنی و گریان و میحنەت

دارێکی زەردی گوێ چەمی غوربەت

لە دڵی پەست و

زگارم دەچێ

# کوتایی